IJOKS

**Article**

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 137 – 166
http://www.ijoks.com

# The style of personal structure of the Development and simple in the novels: Karwan Omar Kakasor

***Sardar Ahmed Hassan GERDI*** [1] ***& Awara Kamal SALEH*** [2]

**Received**: Jun 09, 2018 **Reviewed**: Nov 02, 2018 **Accepted**: Dec 21, 2018

## Abstract

Personality is an important element in the creation of a novel. Because it has a special place in the novel and the element of compilation and development all other elements of the novel. So the character within the novel according to the stages of the technical progress of the novel and there has been a significant change on the concept, and that the portrayal and clarification of the features and qualities of the actor and in a technical need to the skill writer of the novel. Personality is the conversation of the novel and embody it and often express the look and knowledge of the author of narration.

From this point of view, we dedicated this research to show how the sophisticated and simple personality in Karwan Omar Kakasor's novels is used to show this pattern. The novelist sought to portray the personal components and, as needed, we have benefited from several examples of his novels. This research consists of the introduction and two parts: in the first section explain the pattern of personality formation and in the second section showed the types of characters and development and simple theoretical and practical. In conclusion, we presented a result, a list of sources and a summary of the research in both Arabic and English.

**Key words:** Personal Structure, Karwan Omar Kakasor, Kurdish Novel, Narration, Kurdish

**Recommended citation:**
Gerdi, S.A. H. & Saleh, A.K. (2019). The style of personal structure of the Development and simple in the novels: Karwan Omar Kakasor. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 137 – 166
DOI: **10.21600/ ijoks.516498**

[1] Prof., Dr., Department of Kurdish Language, College of Education, University of Salahaddin Erbil, Kurdistan Region of Iraq. E.mail: dr.sardargardy@gmail.com,
[2] Correspondent Author:Lecturer, Erbil Technology Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region of Iraq, Email: awarakamal@epu.edu.krd, **ORCID NO:** https://orcid.org/0000-0002-1829-7688

# شێوازی بونیادی کەسایەتی پەرەسێن و سادە لە ڕۆمانەکانی(کاروان عومەر کاکەسوور)دا

پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی
کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەدین

م. ئاوارە کەمال صالح
پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

(الملخص)

تعتبر الشخصية من العناصر المهمة في مكونات انشاء الرواية. لأن لها مكانة خاصة في الرواية و عنصر تجميع و التنمية كافة العناصر الأخرى للرواية. لذا الشخصية ضمن الرواية حسب مراحل التقدم الفني للرواية و حدثت تغير كبير على مفهومها، و على ذلك تصوير و توضيح معالم و صفات الممثل و بصورة فنية يحتاج الي مهارة كاتب الرواية. اذن الشخصية تكون محادثة الرواية و تجسمها و في كثير من الأحيان تعبر عن نظرة و دراية كاتب الراوية.

ومن هذا المنطلق كرسنا بحثنا هذا لأظهار كيفية الشخصية المتطورة و بسيطة في روايات ( كاروان عمر كاكةسور) لكي نظهر هذا النمط، حيث لجأ كاتب الرواية الى تصوير المكونات الشخصية ، و حسب الحاجة استفدنا من عدة امثلة من رواياته. و يتكون هذا البحث من المقدمة و قسمين: في القسم الأول شرح نمط تكوين الشخصية و في القسم الثاني أظهر أنواع الشخصيات المنمية و البسيطة بصورة نظرية و عملية. و في الخاتمة أظهرنا نتيجة و قائمة المصادر و ملخص البحث باللغات العربية و الأنكليزية و التركية.

## پێشەکی

کەسایەتی بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی پێکهاتەی بونیادی ڕۆمان دادەنرێت، چونکە پێگەیەکی تایبەتی لە ڕۆماندا هەیە و فاکتەری کۆکەرەوە و پێکگەیاندنی سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانە. هەر بۆیە کەسایەتی نێو ڕۆمان بە پێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی هونەری ڕۆمان، گۆڕانی گەورە بەسەر چەمکەکەیدا هاتووە. بەم پێیەش وێناکردن و دیاریکردنی سیماو خەسڵەتەکانی کارەکتەر بە شێوەیەکی هونەریی پێویستی بە کارامەیی ڕۆمانووس هەیە. کەواتە کەسایەتی گوتاری ڕۆمان بەرجەستە دەکات و زۆرجاریش گوزارشت لە دیدو جیهانبینیی ڕۆماننووس دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ دیاریکردنی شێوازی بونیادی کەسایەتی پەرەسێن و سادە لە ڕۆمانەکانی(کاروان عومەر کاکەسوور)دا تەرخانکردووە، تاوەکە ئەو شێوازە دەستنیشان بکەین، کە ڕۆماننووس لە وێناکردنی پێکهاتەی کەسایەتییەکاندا پەنای بۆ بردووە و بەپێی پێویستیش سوودمان لە چەند نموونەیەکی رۆمانەکانیدا وەرگرتووە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا شێوازیی بونیادی کەسایەتی بەرباس دراوە، لە بەشی دووەمیشدا جۆرەکانی کەسایەتی پەرەسێن و سادە بەشێوەیەکی تێوریی و پراکتیکی خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەش بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەنەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

### شێوازی بونیادی کەسایەتی لە ڕۆماندا:

کەسایەتی بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمان دادەنرێت، واتە کەسایەتی بە داینەمۆ و بزوێنەری هەموو ئەو ژانرانەی ئەدەب دادەنرێت، کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن. چونکە هۆکاری پێکەوە بەستنی سەرجەم ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی تری جەستەی ڕۆمانە. بەو پێیەی(کەسایەتی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگ و پڕ بایەخەکانی چیرۆك،

هەموو یان زۆربەی ڕەگەزەکانی دیکە بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، یان ئەو هەڵسوڕێنەری سەرتاپای ڕۆمانە، بۆیە ئەگەر کەسایەتی لە ڕیزی پێشەوەی ڕەگەزەکان نەبێت، ئەوا بێ گومان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان و پێکەوە لەگەڵ ئەوانی دی تێکەڵ دەبێت، وەك یەکەیەکی تایبەت گەشەکردنی بونیادی ڕۆمان بەرەوپێشەوە دەبات)(عومەر، 2010، ل: 105 ـ 106 ). بەگشتی ئەو ڕۆڵەی کەسایەتی دەیبینێت، ئەو توانایەی پێدەدات، کە سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکە بۆ خۆی کێش بکات و پێکەوە جەستەی ڕۆمان دامەزرێنن.

دەرکەوتنی کەسایەتی(پاڵەوان)لە قۆناغە مێژووییە دێرینەکاندا، پەیوەست بووە بە ڕادەو ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە و تێڕوانینیان دەربارەی کێشەکانی بوون. واتە مرۆڤ(هەر لەو کاتەوەی کە هەستی بە دنیا کردووە نموونەی زۆری لە ئەفسانە و خورافە بەرهەم هێناوە، چەمکی ئەو بۆ بوون و تێڕامانەکانی بۆ دنیا ڕەنگدانەوەی ئارەزووەکانی بووە، کە نەزانراو ببەزێنێ و دیاردەکانی سرووشت هەڵسەنگێنێت و هێزە لە ڕادەبەدەرەکان بپشکنێت) (عەبدوڵلا، 2002، ل: 16). لەم ڕوانگەیەوە دید و بۆچوونی کۆمەڵگەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستبوونی وێنەی پاڵەوان هەبووە, لە قۆناغەکانی پەرەسەندنییدا. بەشێوەیەك پاڵەوانی هەر سەردەمێك وێنەیەکی بەرجەستەی شێوازی تێ ڕامانی مرۆڤەکان بووە دەربارەی ژینگە و دەوروبەرەکەی. واتە لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕ و هۆشیاریی دەور و بەرەکەیدا بووە. حیکایەت و بەسەرهاتەکانیش بە مرۆڤەوە پەیوەست بوون. (هەر لەسەرەتاوە چیرۆك بە مرۆڤەوە بەستراوەتەوە و ڕەنگدانەوەی لایەنەکانی ژیانی بووە، چونکە چیرۆکەکان لە داهێنانی مرۆڤن و پەیوەست بوون بە بوونی مرۆڤەکانەوە. لێرەشەوە چیرۆکەکان وێنەی پاڵەوانیان لە قۆناغە مێژووییە جیا جیاکاندا کێشاوە. واتە وێنەی پاڵەوانەکان لە هەموو قۆناغەکاندا یەك شێوەیان وەرنەگرتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە هەر قۆناغێکدا هەریەك لەو وێنانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و خاسیەت و سیمای دیاری کراویان هەبووە. واتە هەریەکەیان تایبەتن بە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو)(سابیر، 2001، ل: 145). کەواتە وێنەی پاڵەوانەکان گوزارشتیان لە سرووشت و ژینگە و بیروباوەڕی کۆمەڵگەکان کردووە. بەم پێیەش مرۆڤ لەگەڵ فراوانبوونی مەودای بیرکردنەوە و تێڕامانی لە دەوروبەر و سرووشت و کۆمەڵگە(داستان)ی داهێناوە، کە کۆمەڵێك ئەفسانەی لە خۆ گرتووە. کە پاڵەوانەکانی لە کێشە و ململانێی سەختدا بوون و ئامادەی بەخشینی گیان بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا دژی هێزە شەڕانگێزەکان. کەواتە لەسەردەمە کۆنەکاندا(لەو کاتەی کە بیری ئەفسانەیی و خورافی باو بووە، دەبینیین پاڵەوانی ڕووداوە گەورەکانیش بەهەمان پێوەری ئەفسانەیی و خورافی تەماشاکراون، واتە پاڵەوانەکان لە شێوەی خواوەند و دێو و بوونەوەرە خەیاڵیە زەبەلاحەکان تەماشاکراون، وەکو(گەلگامش و ئەنکیدۆ و خمبابا)لە داستانی گەلگامیش دا، هەروەها ئەو پاڵەوانانە توانای لە ڕادە بەدەریان پێدراوە، کە لە توانای مرۆڤی ئاسایی دا نەبووە، وەکو پاڵەوانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس کە هەندێکیان لە ڕەگەزی خواوەندەکان بوون. وەکو خواوەندی زیۆس و هیرا و پۆسیدۆن)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 14). لەم دیدگایەوە پاڵەوانەکان لە ژێر کاریگەری تێڕوانین و بیروباوەڕی کۆمەڵگەدا بوون. کە بیری ئەفسانەیی و خورافەیی بەسەریاندا زاڵبووە. هەر بۆیە وێنەی پاڵەوانی نێو داستانەکانیش هاو ئاستی پلەوپایەی خواوەندەکان بوون. واتە دەبوایە خاوەن هێز و توانای سەرسوڕهێنەر بوونایە. بێ گومان کۆمەڵگەکان ئەم وێنانەیان بە پاڵەوانەکان بە خشیووە. کە پێوەندی بە ئاستی هۆشیاری سەردەمەکەوە هەبووە، لە ڕووبەڕووبوونەوە و کێشە و ململانێکاندا و بەستنەوەیان بە هێزە نادیار و شاراوەکانەوە. بەم پێیەش خەسڵەتی ئەفسانەیی بە پاڵەوان دراوە، لە بەرەنگاربوونەوەکانییدا لەگەڵ دێو و بوونەوەرە ئەفسانەییەکاندا، چونکە پاڵەوان سیمبولی هێزی چاکەخوازیی بووە و نوێنەری پێکهاتەو عەشیرەتەکەی بووە لە دژی هێزی خراپە و شەڕانگێزیی. هەر بۆیە چارەنووسی پاڵەوان بە دەست خواوەندەکانەوە بووە.

هەژموونی ئەم دیدیی بە پاڵەوانکردنە یاخود وێناکردنی کەسایەتی نێو حیکایەت و داستانەکان وەکو پاڵەوانی خاوەن هێز و توانستی لە ڕادە بەدەر، لە سەردەمانێکی کۆنەوە تاکو ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم و سەرەتای سەدەی هەڤدەهەم بەردەوام بوو. واتە ئەم گیانبازیی و ئازایی و فیداکارییەی پاڵەوان خەسڵەتی دیاری جیاکەرەوەی داستان و حیکایەتەکان بوو، بەڵام لە ئەنجامی گەشەکردنی هزریی مرۆیی و پێشکەوتنی زانستەکان دا تێڕوانینیی مرۆڤیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵەواندا گۆڕانی بەسەردا هات، لێرەوە(داستانی

پاڵەوانێتی گۆڕا، بۆ جۆرێکی دیکە لە گێڕانەوە)(عەبدوڵڵا، 2002، ل: 17). واتە داستانی پاڵەوانیەتی بەرە و کزبوون و کاڵبوونەوە دەچوو، لە بەرانبەردا جۆرێکی تر لە گێڕانەوە سەریهەڵدا. کە ئەویش ژانری ڕۆمان بوو، بەم پێیە چەمکی پاڵەوانیش گۆڕانی بەسەرداهات. واتە ئیدی پاڵەوان ئەو تواناو هێز و دەسەڵاتەی نەما کە لە لە پێشتردا پێی درابوو و لە ئاستی خواوەندەکاندا بوو، بەڵکو جۆرێکی تر لە پاڵەوان دەرکەوت، کە بە پاڵەوانی مرۆیی ناسرا. واتە(پەیدابوونی پاڵەوانی مرۆیی لە ئەدەبدا هێمای شۆڕشێکی هزریی بوو، ئەمەش ئەو کاتەی کە نووسەران دوور لە وێنەی خواوەندی نەمر ڕوویان کردە ئەو پیاوانەی کە ئازار دەچێژن و لە ناودەچن. بەرانبەر بەمەش لە ژیانێکی پڕ لە بەرەنگاربوونەوە دا دەژین. واتە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ساتەکانی شکۆمەندیی تۆمار دەکەن، کە لە یادگەی نەوەکانی داهاتوویاندا دەژی)(عەبدوڵڵا، 2002، ل:17 ـ 18). بەم شێوەیە پاڵەوانی خواوەندی بەرە بەرە خۆی لە خەسڵەت و ئەدگارە خواوەندییەکان دادەماڵی و بەهەنگاو و هەنگاو بۆ ئاستە مرۆییەکە دادەبەزی. هەروەکو لە(دۆن کیشۆت)ی(سێرڤانتس 1547 ـ 1616)دا بەرجەستە کراوە، کە(گاڵتە جاڕییەکی تەواو بە پاڵەوانەکان و ڕەفتاری دژواریان دەکات و کۆتایی سەردەمێك ڕادەگەیەنێت بۆ پێش چاو خستنی ئەو وێنە ناواقیعییانەی کەسایەتی مرۆیی)(عەبدوڵڵا، 2002، ل: 18). (دۆن کیشۆت)جاڕی مەرگی پاڵەوانی نموونەیی داو، هەموو ئەو وێنە ناواقیعییانەی پاڵەوانی خستە ژێر پرسیارەوە، کە کۆمەڵگە لە ڕێی تێڕوانینە خورافییەکانەوە پێی بەخشیبوون. واتە(دۆن کیشۆت)وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە چەمکی پاڵەواندا بەرە و کەسایەتییەکی نزیك لە واقیعەوە. هەروەها (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ)ی(دانیاڵ دیفۆ 1661 ـ 1731) نموونەیەکی ترە، کە(ڕۆبنسۆن)وەك تاکێکی مرۆیی ڕووبەڕووی نەهامەتی و ئاستەنگ و سەختییەکانی ژیان و سرووشت و مرۆڤە دڕندەکان دەبێتەوە و پشت بە هێز و توانای جەستەیی و هزریی خۆی دەبەستێت. کەواتە لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ژانری ڕۆماندا کەسایەتی وەك مۆرکە مرۆییەکەی دەستی بە دەرکەوتن و گەڵاڵە بوون کرد، چونکە ئیدی مرۆڤ بووە ئەو بووەی کەشایانی ئەوە بوو خەمی چارەنووسی کۆمەڵگە لە کۆڵ بگرێت و وەك مرۆڤ بڕیار بدات و لە ئاستی بەرپرسیارێتییە مرۆییەکاندا بێت.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا(کەسایەتی پێگەیەکی دیار و بەرز و بەرچاویی لە ژانریی ڕۆماندا وەدەستهێنا. پاش ئەوەی سەربەخۆیی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و لە ڕووداو جودا بوویەوە)(بحراوی، 1990، ص: 208). بەم پێیە کەسایەتی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندیی خۆی لە ژانری ڕۆماندا دەرکەوت. واتە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر چەمکی پاڵەواندا هات و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی یاخود کەسایەتییەکی واقیعی دەرکەوت و ئەو خەسڵەتانەی لە سەدەکانی ڕابردوودا پێی بەخشرا بوو. کە ببوونە بارگرانی لەسەری بە تەواوی وەلای نان و بۆ سرووشت و جیهانی واقیعی خۆی گەڕایەوە. بۆیە ڕۆمان لە ڕێی بونیادی کەسایەتییەوە توانی(مرۆڤ لەو هێزە خوداییە بەتاڵ بکاتەوە و هەوڵیدا وێنەی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان لە واقیعەوە وەربگرێت و بە شێوەیەکی سرووشتی وێنایان بکات)(هادی، 2004، ل: 96). ئیتر بەپێی تێپەڕ بوونی کات پاڵەوان بەرە و ئاستی مرۆڤ هەنگاوی دەنا.

کەواتە لە سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە بوارە جۆراو جۆرەکانی زانستە سرووشتی و مرۆڤایەتییەکاندا هاتە ئاراوە، ڕۆمانی ڕۆمانتیکیش لە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە نوێیە و فەلسەفەی تاکگەراییدا، کە بایەخی بە بەها مرۆییەکان دەدا، برەوی پەیداکرد بە جۆرێك کە بەرگری لە مافی تاك دەکرد، بەرانبەر پاوانخوازیی کۆمەڵگە و کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتییەکان. هاوکات کەسایەتی دژی داب و نەریتی کۆن دەوەستایەوە و هەوڵەکانی لە پێناو گەیەشتن بە مافەکانی دەخستەگەڕ. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانی ڕیالیزم دا و بە تایبەتی لە ڕیالیزمی سرووشتی دا وێنەی کەسایەتییەکان کت و مت لە واقیعەوە وەردەگیران. تاوەکو گوزارشت لە ئازار و نەهامەتی چینە چەوساوە و زەحمەتکێشەکان بکەن. واتە کەسایەتی(نێو ڕۆمانی ڕیالیزمی نموونەی مرۆڤێکە ڕۆماننووس لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەڵیدەبژێرێت)(گەرمیانی، 1996، ل:71). واتە لە ڕۆمانە ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمیەکاندا ڕۆماننووس بایەخێکی تەواوی بە وەسفی سیماو ئەدگارە جەستەییەکانی کەسایەتی دەدا.

لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا، ئیتر ڕۆماننووس پەیوەست نەبوو بە وێناکردنی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵکو زیاتر مەبەستی وێناکردن و خستنەڕووی لایەنی ناوەوە و پیشاندانی ڕەهەندیی دەروونی کەسایەتییەکان بوو. واتە زیاتر گرنگی بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی بارە دەروونییە ئاڵۆزەکانی کەسایەتی دەدرا، ئەویش لەڕێی مەنەلۆگ و خۆدواندن و زیندەخەونەوە. بەم شێوەیەش خوێنەر لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە درکی بە بارە دەروونییە ئاڵۆزەکانی کەسایەتییەکان دەکرد و لە نهێنییەکانیان تێدەگەیشت. لە ڕۆمانی نوێشدا چەمکی کەسایەتی گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات و وەك بوویەك سەرنج دەدرا، کە تەنیا لەسەر رووپەڕەکان دەژی و وێنەی ڕاستەقینەی هیچ کەسایەتییەکی دیاریکراو نییە. واتە(کەسایەتییەکان بوونەوەرێکی زمانین و ڕەگەزێکن لە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە و شان بەشانی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 31). لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنەشدا کەسایەتی (نموونەیەکە لە تێکشکان و ترس و ونبوون، بەهای شت و کەس لە خودی خۆیدا واتایان نامێنێت، بەها بە جۆرێکی دیکە سەرنج دەدرێت، زۆربەی کەسایەتییەکان هیچی خۆیان ئاشکرا ناکەن، ناتوانین حوکم لەسەریان بدەین) (سەلمان، 2012، ل: 410 ـ 411). واتە کەسایەتییەکان لە ژێر بارودۆخە ناهەموار و پێشکەوتنە خێراکاندا هیچ دەرفەتیکیان بۆ حەسانەوە و پشوودان نییە و هەمیشە ماندوون و ڕەنگدانەوەی  ئەو سەردەمە قەیراناوییەن کە تێیدا دەژین.

ئەم ڕانانە خێرایە لە مێژووی پەرەسەندنی کەسایەتییدا پێویست بوو. بۆ خستنەڕووی ئەو گۆڕانانەی لە چەمکی پاڵەواندا هاتووەتە ئاراوە لە نموونەی پاڵەوانی ئەفسانەیی نێو حیکایەت و داستانەکانەوە تاکو دەگاتە چەمکی کەسایەتییە ئاسایی و واقیعییەکانی نێو ڕۆمان و ئەو مامەڵە جیاوازانەی لەلایەن تەوژمەکانی ڕۆمانی نوێوە لەگەڵ کەسایەتییدا دەکرێت. هەموو ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن، کە کەسایەتی پێگەیەکی سەرەکی و پڕ بایەخی لە جەستەی بونیادی ڕۆمان و دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا هەیە.(میخائیل باختیین)ئاماژە بە گرنگی و ڕۆڵی کەسایەیتی لە ڕۆماندا دەکات. بەو پێیەی کە(ئەو بابەتە بنەڕەتییەی کە ڕەسەنایەتی ژانری ڕۆمان دەخوڵقێنێت و دەیناسێنێت، بریتییە لە مرۆڤی قسەکەر و پەیڤەکانی)(سلمان، 2012، ص: 9). واتە کەسایەتی سیمای جیاکەرەوە و ناسێنەری  ژانری ڕۆمانە. هەر لەم ڕوانگەیەوە(هنری جێمس)لە شێوازێکی پرسیار ئامێزدا چەمکی کەسایەتی پێناسە دەکات (کەسایەتی چییە؟ شیکردنەوەی ڕووداوەکانە. ڕووداوەکان چیین؟ پیشاندانی کەسایەتییەکانن)(حاجی، 2009، ل: 173). (هنری جێمس) بە شێوەیەکی دیالێکتیکی پێوەندیی و گرنگی دووانەی کەسایەتی و ڕووداو دەخاتەڕوو، کە دەرکەوتنی هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر دەرکەوتن و خستنەڕووی ئەوی دیکەیان دەبێت. یاخود کەسایەتی (بکەرێکە، کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان دروست دەکات و هەندێك لە ڕەگەزەکانی ڕۆمان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، لە ڕێگەی وەسفەوە بە شێوە و ڕوخساری ئاشنا دەبین و لایەنی ڕەوشت و پایەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت. هاوکات لە ڕێگەی وەسفی گێڕەرەوەوە تایبەتمەندییە دەروونی و جەستەییەکانی بە وەرگر دەگەیەنرێت)(حجازی، 2001، ص: 103). ئەگەرچی ئەم پێناسەیەش داننانە بە پێگەی گرنگی کەسایەتیدا، بەڵام ئەم پێناسەیە زیاتر بە ڕۆمانە تەقلیدییەکانەوە پەیوەستە. لە چۆنییەتی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکاندا بە وەرگر. واتە بەپێی ئەم پێناسەیە ڕۆماننووس پێویستە بە وریاییەوە سەرجەم ڕەهەندەکانی کەسایەتی وێنە بگرێت و پێشکەش بە خوێنەری بکات. یاخود هەر لە پێناسەی کەسایەتییدا دەگوترێت(کەسایەتی لە چیرۆکدا، خولگەی واتا مرۆییەکان و تەوەری هزر و بۆ چوونە گشتییەکانە)(هلال، 1973، ص: 562). لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە کەسایەتی دەبێتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی هزر و ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووس یاخود کەسایەتی دەبێتە هەڵگری ئەو بیروباوەڕەی کە ڕۆماننووس باوەڕی پێیەتی و لە پێناوییدا کار دەکات و دەیەوێت لە ڕێی کەسایەتییەکانەوە گوزارشت لە جیهانبینی خۆی بکات. بێ گومان ئەم بیرو باوەڕانەش لە ڕێی کردەی گێڕانەوەوە یاخود دایەلۆگ و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانەوە بە وەرگر دەگات. هەر بۆیە کەسایەتی بەیەکێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی جەستەی ڕۆمان دادەنرێت و هاوکات بە ڕەگەزێکی کارا لە بردنە پێشی پرۆسەی گێڕانەوە دادەنرێت. چونکە ڕەگەزی کەسایەتی چەند ڕۆڵێکی گرنگ لە بونیادی ڕۆمان و پێکگەیاندنی ڕەگەزەکانییدا دەگێڕێت. ئەویش لە ڕێی

نمایشكردنی ڕوداوەكانەوە یاخود لە میانەی ڕەفتار و هەڵسوكەوتەكانییەوە دەكرێت پەی بە تیمەی ڕۆمان ببرێت.

ئەم بەهایەی كەسایەتی لە ڕۆماندا، بە جۆرێكە كە سەرجەم ڕەگەزەكانی تر لە خولگەیدا دەخولێتەوە. جا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، كە ئایا ڕۆماننووس سەرچاوەی كەسایەتییەكانی نێو ڕۆمان لە كوێوە وەردەگرێت؟ (بێ گومان كەسایەتیی نێو ڕۆمان بەرجەستەكردنی كەسایەتی مرۆییە بەسەرجەم ڕەهەندە دیار و هەڵسوكەوتە هزری و دەروونییەكانییەوە)(عەبدوڵڵا، 2002، ل: 14). كەواتە واقیع سەرچاوەیەكە بۆ وەرگرتنی وێنەی كەسایەتییەكان، بەڵام ئەم كەسایەتییانە ڕاستەوخۆ ناگوێزرێنەوە بۆ نێو دنیای ڕۆمان، چونكە(ئەو كەسایەتییەی، ڕاستەوخۆ و بەبێ ڕتووش، لە واقیعەوە دەخوازرێت، هەرگیز بە شێوەیەكی هونەری ناسەلمێندرێت و موقنیع نابێت، گەر ڕۆماننووس پەرداخی نەكردبێت)(سەراج، 2007، ل: 23). لەم دیدگایەوە نابێت كەسایەتییەكانی نێو ڕۆمان فۆتۆكۆپی دەقاودەقی كەسایەتییەكانی نێو دنیای واقیع بێت. چونكە ئەم لایەنانە كار دەكاتە سەر ئاستی هونەری ڕۆمان و بەهای ئیستاتیكی و چێژی دەق دەشێوێنێت. هاوكات لێرەدا تیشكێك دەخەینە سەر ئەو بۆ چوونانەی، كە بە ئەندازەیەك كەسایەتییەكان لە ژینگەو واقیع دادەبڕن و(پێیان وایە كەسایەتییەكان چەند ڕەگەزێكی ئەندێشەكراون، كە ڕووداوەكانی نێو دەقی ڕۆمان دەخوڵقێنن یان شوێنەواری ڕووداوەكانیان دەكەوێتە سەر و تەنها ژمارەیەك بوونەوەری سەر ڕووی لاپەڕەكانن)(محەمەد، 2009، ل: 37). یاخود كەسایەتی تەنیا لە نێو دەقدا ئامادەیە و لە دەرەوەی دەق كەسایەتی هیچ مانایەكی نییە، دیارە ئەمە تێڕوانینیی(ڕۆڵان بارت)ە بۆ كەسایەتی. بێ گومان داپڕانی كەسایەتی لە واقیع واتای داپڕنی دەقە لە ژینگەی واقیع. بۆیە دەكرێت ڕاڤەكی دیكە بۆ جۆری ئەو كەسایەتییانەی كە لەسەر ڕووپەڕی لاپەڕەكان دەردەكەون و ئەو كەسایەتییانەی لە واقیعدا هەن بكرێت. چونكە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، كە ئەویش(ڕووداو)ەكانن. واتە ڕووداوەكان ئەو پێوەندییە دروست دەكات و ئەو سنورەی داپڕانی نێوانیان كاڵ دەكاتەوە، بەم شێوەیە لە ڕێی كار و جوڵەی كەسایەتییەكانەوە چ لە واقیع و چ لە ڕۆماندا هەست بە بوونی ژیان و زیندەگی دەكرێت. كە دەشێت وەك تەواوكەری یەكدی ببنە بنەمایەك بۆ تێگەیشتنێكی زیاتر لە واقیع و دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گەلێك زنجیرەی نادیار لە ژیانی مرۆڤەكاندا. بەتایبەتیش لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییدا میتۆدێك بە ناوی(میتۆدی دەروونشیكاریی ـ المنهج النفسی)ەوە هەیە. وەك چۆن(هەندێك ڕۆمان و تابلۆ هەن كە سەرسامامان دەكەن، كاتێك لێیان دەڕوانین و دەیان خوێنینەوە بە ئاگا دەبین لەوەی ئەو بەرهەمە هی كەسێكی ناهاوسەنگ و دەروون شێواو بووە، وەك چۆن لە دوایین تابلۆكانی(ڤانكوخ)دا چەقۆ بەكارهاتووە، ئەمەش نیشانەی دەروون شێواوی ئەو هونەرمەندەیە)(صلیوە، 2013، ل: 221). كەسایەتی وەك چۆن لای ڕۆماننووسان جێگەی بایەخە، بەهەمان شێوە چەمكی كەسایەتی لای دەروونزانەكانیش بابەتێكی مشتومڕ ئامێزە و پێناسەی جیاوازی بۆ كراوە. بۆیە كەسایەتی لەڕووی دەروونزانییەوە(بریتییە لە كۆمەڵێك خەسڵەتی جەستەیی و هۆشداری و هەڵچوون، یان كۆمەڵێك كارتێكردنە كە كەسێك لە بەرانبەر كەسانی تردا ئەنجامی دەدات و لەڕێی ڕەفتاری هزریی یان جوڵەی دەرەكی كەسایەتییەكانەوە دەردەكەوێت)(جەباری، 2000، ل: 30). كەواتە كەسایەتی خاوەن پێگەیەكی تۆكمەیە چ لە نێوان واقیعی ژیاندا و چ لە نێو دەقی ڕۆماندا. واتە هەڵبژاردنی كەسایەتی بۆ دنیای ڕۆمان كارێكی میكانیكی نییە، بەڵكو پێویستی بە سەلیقە و هۆشیاریی ڕۆماننووس هەیە. ئەمەش وا دەكات كە ڕۆماننووسەكان بەپێی سرووشتی ڕۆمانەكانیان كەسایەتییەكان هەڵبژێرن و ڕۆڵییان پێ ببەخشن. واتە(كەسایەتی نێو ڕۆمانی موغامەرات تەواو پێچەوانەی كەسایەتی ڕەشبینی نێو ڕۆمانێكە كە باس لە دەروونی كەسایەتییەك بكات، كەسایەتی نێو ڕۆمانی پۆلیسی جیاوازە لە كەسایەتی نێو ڕۆمانی مێژوویی)(سەلمان، 2012، ل: 410). واتە كەسایەتی فرە جۆر و فرە ناسنامەیە و وێناكردنی پێویستی بە شارەزا بوون لەسەرجەم ڕەهەندەكانی كەسایەتی هەیە.

كەسایەتییەكانی نێو ڕۆمان خاوەنی ناو و ناسنامەی خۆیانن. جا ئەگەر ناوێكی تایبەت، نازناو، ڕەنگە هەندێك جار پیتێك یان ژمارەیەك بێت. هەروەها لایەنێكی گرنگی دیكەی پەیوەست بە بونیادیی كەسایەتی لە ڕۆماندا، ئەوەیە كە(مەرج نییە كەسایەتی هەر تەنیا مرۆڤ بێت، بەڵكو نووسەری وا هەیە بایەخ بە كەسایەتیی زیندەوەرێك دەدات، وەك(سەگ،

کەو...)یان ڕووەك و درەخت و شتی بێ گیان، یان پردێك یاخود گیانەوەری ئەفسانەیی)(سەراج، 2007، ل: 13). واتە کەسایەتی لە فۆرم و شێوەی دیکەدا هاتە نێو دەقی ڕۆمانەوە، وەکو(ئەو ماسییەی(سانتیاگۆ)ی ماسیگر لە نێو ڕۆمانی(پیرەمێرد و دەریا)ی(هەمەنگوای)دا دەیەوێت بیگرێت، پاڵەوانێتییەکەی هیچی لە پاڵەوانێتیی(سانتیاگۆ)ی ماسیگر کەمتر نییە)(مونیف، 2006، ل: 20). یاخود لە ڕۆمانی(هێشووەکانی تووڕەیی)ی(جۆن شتاینبیك)دا سرووشت پاڵەوانە. واتە وێنەی کەسایەتی لە بونیادی ڕۆماندا تەنیا بە مرۆڤەوە پەیوەست نەکرا. بەڵکو دەشێت بوونەوەری تر هەمان ڕۆڵی کەسایەتی بگێڕن.

لە دیدی(ئەیان وات)ەوە، دوو ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی شێواز گرنگی تایبەتییان لە بونیادی ڕۆماندا هەیە، ئەوانیش(وێنەی کەسەکان و خستنەڕووی باکگراوندی کەسایەتییەکانە، چونکە ڕۆمان بەوە لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب جیادەکرێتەوە، کە زیاتر بایەخ بە دەرخستنی کەسایەتییەکان دەدات، بە شێوەیەك کە ئەو کەسایەتییانە ڕاستەقینەن جگە لەوەش وێنەی دەوروبەری ئەو کەسایەتییانە هێندە بە وردی دەکێشێت کە مۆرکێکی هەقیقیان پێدەبەخشێت)(ئەیان وات، 2009، ل: 26). بەڵام لە ڕوانگەی تێروانینی ڕەخنەی نوێوە، چەمکی کەسایەتی گۆڕانی بەسەردا هات. واتە کەسایەتی بە ناوەوەی دەقەوە پەیوەست کرا، بە جۆرێك کە کەسایەتی لە دەرەوەی دەقدا بوونی نییە، واتە تەنیا دەق دەتوانێت بوونی کەسایەتیی دیاری بکات، ئەمەیش پەیوەست کرا بەو (ئەرکەوە کە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی وەك (گێڕانەوە، ڕووداو، کات، شوێن)لە ڕۆماندا بەجێی دەگەیەنێت)(العيد، 1990، ص: 22). بەم شێوەیە لە دیدی بونیادگەرەکانەوە، پێگەی کەسایەتی بەو ئەرکەوە پەیوەست کرا، کە لە دەقدا ڕایدەپەڕێنێت.

دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕۆڵ و ئەرکی کەسایەتی لە بونیادی ڕۆماندا دیاری بکەین(سلمان، 2012، ص: 9 ـ 12) کە بریتین لە

1. ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕێی کەسایەتییەکانەوە گوزارشت لە ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕی خۆی بکات.
2. دەکرێت کەسایەتی گوزارشت لە خەونەکانی ڕۆماننووس دەربارەی کۆمەڵگەکەی بکات، ئەویش لە ڕێی وێناکردنی چینە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەکەیەوە.
3. دەکرێت کەسایەتییەکان گوزارشت لە خەمە خودییەکانی ڕۆماننووس بکەن. ئەویش لە ڕێی بەرجەستەکردنی لایەنە خودییەکانی ژیانی ڕۆماننووسەوە، واتە هەندێك لە کەسایەتییەکان ڕەنگدانەوەی خودی کەسایەتی ڕۆماننووسن.
4. کەسایەتی هۆکاری بەخشینی زیندەگییە بە دەقی ڕۆمان، چونکە کەسایەتییەکان ڕووداوەکان دەخوڵقێنن و لە ڕێی کارلێکردنەوە وەگەڕیان دەخەن و دەیان جوڵێنن.
5. کەسایەتی فاکتەرێکی گرنگی بونیادی پەیکەری ڕۆمانە، چونکە ڕۆڵی ئەڵقەی پێکەوە بەستنی سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان دەگێڕێت.

دیارە پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی خوێنەریش لە تەواوکردنی وێنەی کەسایەتییدا بکرێت. واتە خوێنەریش بە پشت بەستن بەو پێشینە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی، دەتوانێت کەسایەتییەکان زیاتر لە هزری خۆیدا بەرجەستە بکات و وێنایەکی نزیك لە هەقیقەتیان پێ ببەخشێت. واتە کاتێك ڕۆماننووس لە میانەی گێڕانەوە و وەسف و دایەلۆگەوە وێنەی کەسایەتییەکان بە ڕوونی پێشکەش ناکات. ئەوا مەبەستییەتی کە خوێنەر ڕابکێشێتە نێو دنیای دەقەکە و لە ڕێی گوێ گرتن لە ناخی کەسەکان و بارە دەروونییەکانیانەوە وەرگر دەتوانێت وێنەی سیماو ڕوخسارە تەمومژاوییەکان ڕوون بکاتەوە و پەی بە ڕەهەندە جەستەیی و دەروونییەکانی کەسایەتییەکان ببات.

بۆ زیاتر خستنەڕوو بەرجەستەکردنی شێوازی بونیادی کەسایەتی پەرەسێن و سادە لە بەشی دووەمدا دەخەینە بەرباس.

## بەشی دووەم:

### جۆرەکانی کەسایەتی لەڕووی پێکهاتەوە:

کەسایەتییە سەرەکی و لاوەکییەکان، لە ڕووی پێکهاتن و سرووشتی بونیادنانەوە لە ڕۆماندا بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن، واتە ئەو دابەشکردنانەی بۆ کەسایەتی ڕۆمان لە ڕووی پێکهاتەوە کراوە پێوەندی(بە چۆنییەتی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکانەوە لە پرۆسەی

گێڕانەوەدا هەیە. واتە لە نێوان هەردوو تایبەتمەندیی جوڵە و وەستاندا، کەسایەتی ڕۆمان بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت کە بریتین: لە کەسایەتییەکی جێگیر و نەگۆڕ، لەگەڵ کەسایەتییەکی خاوەن جوڵەو گۆڕان)(ناصر، 2015، ص: 167). ڕەخنەگر و ڕۆماننووسی ئینگلیزی(فۆرستەر)یەکەم کەس بوو، کە لە ڕێی سەرنجدانی کەسایەتی و تێڕامان لە سرووشتیان لە دەقەکاندا، دوو جۆرە تایبەتمەندی سەرەکی و بنچینەیی بۆ کەسایەتییەکان دیاری کردووە، کە بریتین لە کەسایەتییەکی ڕووکەش و کەسایەتییەکی قووڵ و بە(کەسایەتی بازنەیی و کەسایەتی تەخت یاخود فلات)(ناصر، 2015، ص: 167). ناویان دەبات. لەژێر ڕۆشنایی دابەشکردنەکەی(فۆرستەر)دا. لەلایەن چەند ڕۆماننووس و ڕەخنەگری دیکەوە چەند زاراوەیەك لەو ڕووەوە خراونەتە ڕوو، بۆ نموونە لەلایەن(ئەدوین مۆیەر)(زاراوەکانی(پوخت و کاریکاتێری)لە بەرانبەر زاراوەی فلات و(گەشەکردوو و درامی)لە بەرانبەر زاراوەی(بازنەیی)دا بەکارهێناوە)(مویر، 1965، ص: 138). لە لایەن(د. محمد غنیمی هلال)هەردوو زاراوەی(یەك ئاست و گەشەسەندووی)(هلال، 1973، ص: 565). بەکارهێناوە. واتە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بۆ دابەشکردنی پێکهاتەی کەسایەتی خراونەتەڕوو، ئەگەرچی دابەشکردنەکان تەنیا لە ڕووی زاراوەوە لە یەکدی جیاوازن، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنن. بۆیە لێرەدا و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زاراوانەدا کەسایەتی لە ڕووی پێکهاتەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێت:

1. کەسایەتی پەرەسێن.
2. کەسایەتی سادە.

1. کەسایەتی پەرەسێن:

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕووی زاراوەوە بە(بازنەیی، بگۆڕ، گەشەکردوو، دینامیك)یش ناسراوە، دیارترین خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن ئەوەیە، کە بەردەوام لە جوڵە و گۆڕان و پەرەسەندندایە. واتە پەیتا پەیتا وێنە و سیمای لای وەرگر ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا گەشەدەکات. کەواتە کەسایەتی پەرەسێن(ئەو جۆرە کەسەیە، کە خاوەنی چەندین ڕەهەندیی مرۆیی وەك هەست و سۆز و هەڵچوون و بیر و بۆچوون و لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەیە و هەموو ئەم ڕەهەندانەش پەیتا پەیتا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دی بە دەردەکەون. واتە لە هەر هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی نوێی دەبێت، کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی یەکێك لە ڕەهەندەکانی کەسایەتییەکەی) (عەبدوڵڵا، 2000، ل: 15). کەسایەتی پەرەسێن هەنگاو بەهەنگاو دەردەکەوێت و خۆی ئاشکرا دەکات، هەر بۆیە ئەم جۆرە کەسایەتییە لە ڕووی پێکهاتەوە خاوەنی یەك شێوە و یەك ڕەفتار و یەك جۆرە بیرکردنەوە نییە، چونکە ئەو تەنیا جارێك دەرناکەوێت، بەڵکو خاوەنی ئامادەییەکی بەرچاوە لە پانتایی ڕۆماندا. هەر بۆیە هەمیشە لە شێوە و هەڵوێستی جیاوازدا خۆی بۆ خوێنەر دەردەخات. واتە ڕۆماننووس هەوڵ دەدات کە کۆمەڵێك هەڵوێست و کردار و سیفەتی جیاواز و گۆڕاو بە کەسایەتییە پەرەسێنەکان ببەخشێت. تاوەکو لە قۆناغە نوێیەکانی دەرکەوتنیاندا بتوانێت بە شێوەی جیاواز وێنەیان بکێشێت و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا بیان گونجێنێت. بەم پێیەش لە هەر دەرکەوتن و هەڵوێستێکدا لایەنێکی ژیانی ئاشکرا دەبێت و ڕووناکی دەخاتە سەر گۆشەیەکی ڕووداوەکان. لەم ڕوانگەیەوە کەسایەتی پەرەسێن (دەسکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکو بە دوادا هاتن و کەڵەکە بوونە و لە حاڵەتی خەڵقبوونێکی بەردەوامدایە، لە هەموو چرکەیەکدا دروست دەبێت و کامڵ دەبێت، دوا ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت ئەو کاتە نەبێت کە تەواو دەبێت، لە بەرئەوە ئەستەمە ئەو کەسایەتییە هەر لە سەرەتاوە ئەدگاری تەواوەتی خۆی وەرگرێ یان ڕووخساری کۆتایی پێهاتووی هەبێت)(مونیف، 2006، ل: 52). کەسایەتی پەرەسێن لە نێوان ڕووداوەکاندا پێدەگات و گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر ئەمەش ئەوە دەسەپێنینَت کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆڵەکەی لە ڕۆماندا، ڕێگە بە وەرگر دەدات کە هەمیشە زانیاری نوێی لێ وەدەست بهێنێت.

لێرەدا ئەوەی پێویستە تیشکی بخەینەسەر، ئەوەیە کە مەرج نییە کەسایەتی سەرەکیی کەسایەتی پەرەسێن بێت، چونکە(جاری وا هەیە کەسایەتی سەرەکی لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە گۆڕانێکی گرنگ و ڕیشەیی لە کەسایەتی و هەڵوێست و باری دەروونی و بیر و بۆچوونیدا ڕوونادات، ئەم جۆرە کەسایەتییە نموونەی لە

ڕۆمانی سیاسی و ڕەوشتی و ئایینیدا زۆرە، بەڵام ئاساییە کە کەسایەتییەکی لاوەکی گۆڕانی بەسەردا بێت و بکرێتە نموونەی کەسایەتییەکی پەرەسێن)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 72 ـ 73). دابەشکردنی پێکهاتەی کەسایەتی بۆ(پەرەسێن و سادە)مانای ئەوە نییە، ڕۆمانووس دەبێت تەنیا گرنگی و بایەخ بە(کەسایەتی پەرەسێن)بدات و کەسایەتییە سادەکان پەراوێز بخات یاخود وەلایان بنێت، بەڵکو پێویستە ڕۆماننووس بەپێی سرووشتی دەقی ڕۆمان لە نێوان کەسایەتییە پەرەسێن و سادەکاندا هاوسەنگی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و پلۆتی ڕۆمانەکەدا ڕابگرێت. هاوکات فرە جۆری لە کەسایەتییەکاندا لە ڕۆماندا دێتەکایەوە. کە ئەمەش لەلایەك دەقی ڕۆمان دەوڵەمەند دەکات لەلایەکی دیکەوە هانی خوێنەریش دەدات، کە دەستبەرداری دەقەکە نەبێت و لە دووی ناسینەوە و ئاشکراکردنی ڕاز و لایەنە شاراوەکانی کەسایەتییەکان بگەڕێت.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا:

لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا(نەوال)نموونەی کەسایەتییەکی پەرەسێنی نێو ڕۆمانەکەیە. کە بووەتە سیمبولێك بۆ وێناکردنی جیهانێکی بێ ڕەنگ و بێ دەنگ و بێ ژیان. ئەو دەیەوێت لەو جیهانە تێکشکاوەدا بەدوای ژیاندا بگەڕێت, ئەو دەیەوێت لە جوگرافیایەکی نامۆدا تاکەکان بەرەو هۆگریی و ئارامی ببات. هەربۆیە کەسایەتی(نەوال)بە جۆرێك لە ڕۆمانەکەدا بونیاد نراوە تابتوانێت گوزارشت لە گوتاری ڕۆمانەکە بکات. ژیانی (نەوال)هەمیشە لە گۆڕاندابوو. ئەو بووەتە پاڵەوانی نێو واقیعێکی دژوار و سەخت کە مەبەست لێی وڵاتی عێراقە، بەڵام عێراقێك لەسەر ئاستی سیمبول بۆ گوزارشت کردن لە ئازارە بێ کۆتاکان و تراژیدیا نەبڕاوەکان. (نەوال) بەشێوەیەکی فانتازیی لە نێو دنیای ڕۆمانەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. (نەوال)هەر لە منداڵییەوە دەبێتە قوربانی ئەویش کاتێك باوکی لەلایەن(کاکەسوور)ەکانەوە دەکوژرێت. ئیتر بەردەوام دووچاری دۆخێکی دەروونی نالەبار و بوورانەوە و وڕێنەکردن و خەوزڕاندن و قێزلێبوونەوە و ڕشانەوە دەبووەوە. هەرسات ناساتێك، کاتێك پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی زەینی تەوژمی بۆ دێنن و وەڵامی چنگ ناکەوێت. دەکەوێتە دۆخێکی ناجێگیر و دەست بە وڕێنە دەکات و دواتر بۆ ماوەیەك لە هۆش خۆی دەچێت و دەکەوێتە ناو جێگە. ئەم بارە ناجێگیرە لە منداڵییەوە لەگەڵی بەردەوام دەبێت. هەر ئەم دۆخەش وا لە(نەوال)دەکەن کە کەسایەتییەکی زۆر هەستیاری هەبێت. گریان و تۆران بیوونە خووی هەمیشەیی.

(نەوال)کاتێك وەکو قوتابیەك لە قوتابخانە، دەبینێت ڕۆژانە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی باوك و برا و کەسانی ئازیزییان لە دەست دەدەن و تەرمەکانیان بۆ دێننەوە. ئیتر دەکەوێتە گێژاوە و دیمەنی کوشتن و خوێنڕشتن و ترس و سەرهەڵگرتن و ڕاونان و بزربوون و دوورکەوتنەوە. دەبنە ئەو دیمەنانەی کە هەمیشە هۆش و زەینی دەگوشن و دەیخەنە دۆخێکی نالەبارە و لە نێو ئاگایی و بێ ئاگاییدا دەخولێتەوە دواتر بەرەو دۆخی ئاسایی دەگەڕێتەوە. کوژرانی باوکی و تێکچوونی باری دەروونی دەیخەنە دۆخێکەوە لە ماڵی خۆیاندا تووشی فۆبیا بێت و هەموو دەم وا بزانێت (کاکەسوور)ەکان هێرشی بۆ دێنن و دەیکوژن. ئەمەش وا لە خێزانەکەی دەکات بۆ ماوەیەك لە ماڵی خۆیانی دووربخەنەوە. بۆیە منداڵی بۆ ئەو تاڵ بوو. هەربۆیە کاتێك(نەوال)بە بێزارییەوە چاو بە شیعرەکانی شاعیرێکی ئیتالیدا دەگێڕێت، کە خاڵی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و سەرنجی دەکەوێتە سەر کۆپلەیەك کە دەڵێت:

(**شاعیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع هیچی لە دەست نایەت، گەڕاندنەوەی منداڵی نەبێت.. بێگومان ئەویش بە یادکردنەوە.. بەڵام ئەم شاعیر نییە و گۆڕانیبێژە.. گۆڕانیبێژە و ئەوەی نایەوێت بیری لێبکاتەوە منداڵییە.. گۆڕانیبێژە و ئەوەی حەزی لێناکات یادکردنەوەی ڕابردوویەتی..**)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 417 ـ 418).

(نەوال)لەو ڕابردوویەش ڕا دەکات کە منداڵییە تاڵ و پڕ ئازارەکەی لە ئامێزگرتووە. هەربۆیە بە پێچەوانەی شاعیرەکەوە بیر دەکاتەوە و نایەوێت بۆ ئەو یادەوەرییانە بگەڕێتەوە. چونکە ئەو لەو منداڵییە هەڵدێت. (نەوال) تەمەنی منداڵی لە نێو دوو خێزاندا بەسەر بردووە. بێ گومان ئەمەش کاریگەری لەسەرچۆنیەتی پەروەردەکرد و دروستبوونی کەسایەتییدا هەبووە. دواجار هەر ئەم بارەش ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی ژیانی بەجێدەهێڵێت.

دیمەنی خوێن و کوشتن و بێسەروشوێن کردن باڵی بەسەر فەزای ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)داکێشاوە. هەموو ئەم حاڵەتانەش ئەوە بەسەر کەسایەتی(نەوال)دا دەسەپێنن کە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێت و بەرگەی هەموو ئەو دیمەنە دزێو و جەرگبڕانە بگرێت و لە نێو ئەو واقیعە ناهەموارە دا دەست بە یاخی بوون بکات. هەمیشە دژی باو بێت. هەوڵی

گۆڕانكاری بدات. هەموو ئەمانەش نەخشیان لەسەر كامڵ بوونی كەسایەتی(نەوال)دا هەبووە. ئەو كەسێكی پڕ لە پرسیار و گومان بوو. ئەمانەش كەسایەتییەكی ڕاڕایان پێبەخشیبوو. حەز دەكات هەموو شتێك تاقی بكاتەوە. هەر بۆیە(نەوال)وەك گۆڕانیبێژێك:

**(بە دوای ڕەنگ و مەرگ و ناوبانگدا دەگەڕێت.. ڕەنگ بۆ گۆڕانی و بۆ شتنی ناخی، بۆ لابردنی ئەو بەڵخانەی دەكەونە سەر ژێیەكانی دەنگی و جوانكردنی وشە دزێوەكان.. مەرگ بۆ تەنگانە و ناوبانگیش بۆ دڵنیابوون لەوەی هەیە و حیسابی بۆ دەكەن)**(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 326).

(نەوال)وەكو هونەرمەندێك بە دوای نهێنی ژیاندا دەگەڕا، ئەو مرۆڤێكی ئاسایی نەبوو قوڵتر دركی بە ئازارەكان دەكرد. ئەو دەیویست بە هونەر شەڕی واقیعە داسەپاوەكان بكات. بۆیە دەنگی كردبووە بڵند گۆیەك بۆ گوزارشت كردن لە جوانی و هەقیقەت و پاكبوونەوە. دەیویست لەو دنیا بێ ڕەنگەدا كە(سوور، ڕەش، سپی)تێیدا باڵا دەست بوون ڕەنگی نوێ بدۆزێتەوە. چونكە ئەو سێ ڕەنگە بە تەنیا توانای بینینی ئاسۆ دوورەكان لە مرۆڤ زەوت دەكەن. تواناكانی سنووردار دەكەن مەوداكانی بیری كردنەوە و تێڕامانی تەسك دەكەنەوە. بۆیە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی كە سرووشتی مەملەكەتەكەی ئەو بەشێوەیەكە، كە جگە لە ڕەنگەكانی(ڕەش، سپی، سوور)هیچ ڕەنگێكی دیكە هەڵناگرێت. بۆیە بیری لە وتەكانی هاوڕێیەكی دەكاتەوە كە پێی دەوت:

**(گوایە سرووشتی ئەم وڵاتە بێجگە لەم سێ ڕەنگە هیچی تر هەڵناگرێت و هەر ڕەنگێكی تری بۆ بهێنیت كاڵیدەكاتەوە.. مامی و ئامۆژنی ..... هەموو ئەوانی تریش بە ڕەنگاو ڕەنگیی هاتوون و لێرە ڕەنگیان وەكوو هی ئەوانی لێهاتووە)**(ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل: 105).

(نەوال)نەیدەتوانی بەرانبەر ئەو واقیعە دەست لە ئەژنۆ دانیشێت و چاوەڕوانی مەرگ بكات تاكو جەستەی ئەویش هەڵلوشێ. بۆیە هەوڵیدەدا و بیری دەكردەوە و بۆ دووری دەڕوانی بۆ ئەوەی پەی بە دنیایەكی ڕەنگاو ڕەنگی ڕازاوە ببات و ژیانی تێدا دروست بكات. ئەگەرچی(نەوال)یش بۆخۆی قوربانی بووە. هەر لەمنداڵیەوە باوكی بووەتە قوربانی ململانێ بێ ماناكانی وڵات و لە سۆزی باوكی بێبەش دەبێت. دواتر تەمەنێكی هەرزەیی و گەنجی سەختی بەڕێكردووە كە تەژی بووە لە ژان و ئازار. پاشان وەكو هونەرمەندێك لە كۆمەڵگەیەكی دواكەوتوودا باجی داوە و ناوناتۆرەی نەشیاویان دواخستووە. لە كۆتایشدا وەكو ژنێك لە زێدی خۆی هەڵدێت و هەر لەو ساتانەشدا مێردەكەشی لە ململانێكاندا لە دەست دەدات و بۆ هەتاهەتایە لێی بزر دەبێت. بۆ دواجاریش منداڵە دووانەكەی لێ داگیر دەكەن و وەك تاوانبارێكی دەرچوو لە یاسای وڵاتی(كاكە سوور)بە سزای دەگەیەنن. واتە(نەوال)جگە لەوەی وەك مرۆڤێكی هۆشیار لە كێشەكان دەڕوانێت و هەموو نەهامەتییەكان هەست پێدەكات. هاوكات هەموو ناڕەحەتییەكانی ژیانیش ئەزموون دەكات. هەر ئەمەش وا لە(نەوال)دەكات لە ژێر ڕۆشنایی وتە بەناوبانگەكەی(دیكارت)دا كە دەڵێت: ((من بیر دەكەمەوە، كەواتە من هەم)). بۆیە(نەوال)لە دایەلۆگێكدا لەگەڵ(هالە)ی خوشكیدا وتەكەی(دیكارت)بە جۆرێكی دیكە تەوزیف دەكات و دەڵێت:

**(ـ ئاخ ..!! من چەند گوناحم، كە هەم و گیانم لەبەرە..!!**

**ـ چۆن نەوال..؟! تۆ هەیت و گیانت لەبەرە، بۆیە گوناحیت..؟!)**(ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل: 435).

(نەوال)لە خۆی دەكەوێتە گومانەوە، كە چۆن تا ئێستا ماوە و بەرگەی ئەو هەموو خەم و ژانەی گرتووە. بۆیە بوونی خۆیی لەو هەموو نەهامەتی و كارەساتانەدا دەبینێتەوە كەبەسەری هاتووە. ئازارەكان وای لێدەكەن هەست بە بوونی خۆی بكات. لە شوێنێكی دیكەدا(نەوال)هەر لە پرسی نێوان بوون و نەبووندا. ئەوساتەی بیردەكەوێتەوە كە:

**(دەرگای ژووری میوانی كردەوە و چوو لەبەر ئاوێنەكەدا وەستا.. جلەكانی لەبەر خۆی داكەند و هەڵیدانە سەر كورسیەكانەوە.. هێواش هێواش یاریی بە سەرگۆی مەمكەكانی دەكرد و سووك سووك دەیوت:**

**ـ من هەم و دەتوانم بیربكەمەوە..!! من هەم و دەتوانم خوڵقێنەر بم..!!)**(ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل: 451).

لێرەوە(نەوال)وەك مێیەك هەست بە بوونی خۆی دەكات. كە توانای وەچە خستنەوەی هەیە و دەتوانێت لە ڕێی مەمكەكانییەوە ژیان ببەخشێت.

(نەوال)كەسایەتییەكی پەرەسەندوو و زیندوویی نێو ڕۆمانی پڕ لە ململانێی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)یە، چونكە گوتاری ڕۆمانەكە بریتییە لە ململانێ لە پێناوی مانەوەدا. واتە لەو وڵاتەی كە بە ئاگری شەڕە بەردەوام و بێ ماناكانی، تەنیا وڵاتەكەی نەكردووەتە وێرانە، بەڵكو دەروونی تاكەكانیشی داڕزاندووە و هەست بە تامی ژیان ناكەن. تاكەكانی كۆمەڵگەكەی(نەوال)باجی تاوانێك دەدەن كە هیچ گوناحێكی ئەوانی تێدا نییە. ئەوان مەحكومن بەوەی، كە تەنیا هەر بگرین و قوربانی بدەن. بۆ ئەوەی ئاگری شەڕەكان خامۆش نەبێت. (نەوال)دەیەوێت ئەو تاریكستانە ڕۆشن بكاتەوە و بزە بۆ سەر لێوی تاكەكان بگەڕێنێتەوە. ئەو دەیویست گۆرانی بۆ ژیان و بۆ خۆشبەختی مرۆڤەكان بچڕێت. ئەو دەیویست مرۆڤەكان گوێیەكانیان بە ئاوازی پڕ سۆزیی ژیان بكرێتەوە. نەك بەدەنگی نەگریسی چەكەكان. ئاواتی ئەو ئەوەبوو تاكەكانی وڵاتەكەی ڕەنگەكانی پەلكە زێڕینە ببینن و سۆمای چاوەكانیان بگەشێتەو. (نەوال)بووە قوربانی سەركەشیەكانی، چونكە بە ژیانی دیلی ڕازی نەبوو.

كەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(مامزێر)دا:

(مامزێر)كەسایەتییەكی پەرەسێنی نێو ڕۆمانی(مامزێر)ە. هەرچەندە(مامزێر)كەسێكی پەراوێز خراوی نێو كۆمەڵگەیە و بە چاوێكی كەم تێیدەڕوانرێت، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە كە(زۆڵ)ە، بەڵام ڕۆماننووس بەشێوەیەكی ئیستاتیكی بونیادی كەسایەتی(مامزێر)دادەمەزرێنێت. بە جۆرێك كە لە خولگەی كەسایەتی(مامزێر)دا گەلێك پرسی گرنگی فكریی و فەلسەفی قووڵ دەربارەی بوون دەوروژێنێت و لە چوارچێوەی كەسایەتی(مامزێر)دا بەرجەستەی دەكات. هەر بۆیە لە پرۆسەی خوێندنەوەی ڕۆمانەكەدا بە چەندین قۆناغی جیاوازی ژیانی(مامزێر)و دیدو بۆچوونەكانی دەربارەی ژیان و بوون ئاشنا دەبین. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە خودی(مامزێر)كە سێكە بە دوای دۆزینەی ناسنامەی خۆی دا وێڵە. لەم پێناوەشدا زەینی وەكو كتیبَێكی كراوە پڕە لە پرسیار و گومان. هەموو ئەوانەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرن كە(مامزێر)كەسایەتییەكی(زۆڵ)ە. واتە نازانێت باوكی كێیە!! ئەمەش دەبێتە گەورەترین بۆشایی لە ژیانییدا، هەر بۆیە كاتێك لە نێو زەینییدا دەكەوێتە شەڕێكی وەهمییەوە لەگەڵ یەكێك لە براكانییدا، دەیەوێت مانایەك بە ڕەوایەتی ئەو شەڕە بدات:

**(كێشەكە وا دەهاتە بەرچاو كاممان لە ناو ئەفسانەكانەوە هاتووین... ڕابردووی كاممان وەهمێكە وەكو وەهمی ناو چیرۆكە خەیاڵئامێزەكان.... شەڕەنهێنییەكەمان لەسەر ئەوەبوو كاممان دەتوانێت ڕابردووێك، نەك ئایندەیەك بۆ خۆی دابهێنێت....... دەشتوانم بە مانایەكی تر بڵێم ڕابردووێك هەبوو، كە هەریەكەمان هەوڵی دەدا بیكاتە هی خۆی**)(مامزێر، ل: 9).

گەڕان بە دوای ڕابردوودا یاخود دۆزینەوەی ڕابردوو لای(مامزێر)واتە دۆزینەوەی دڵنیایی و ئەمان، كە ئەمەش لە بوونی باوكدا مەیسەر دەبێت. بۆیە(مامزێر)شەڕ لە پێناو ڕابردوودا دەكات. چونكە ئەو پێیوایە مرۆڤ ئەگەر ڕابردووی نەبوو، نابێتە خاوەنی ئێستا و ئاییندە:

**(بزانن من لە پاڵ ئەوەی لوغزی ڕابردوو هێزی لێ بڕیوم، هەمیشە بیر لە كۆتاییەكانیش دەكەمەوە، بۆیە من كاتێكم نییە لە ژیاندا بە ناوی ئێستا...**)(مامزێر، ل: 34).

(مامزێر)كەسێكی ڕۆشنبیرە و زۆربەی كات خەریكی خوێندنەوەیە، زۆرجاریش بۆ دەربازبوون لەو بارە دەروونییە ئاڵۆزەی كە بەردەوام تەنگی پێ هەڵدەچنێت. پەنا بۆ نووسینی شیعر و چیرۆك دەبات و دەیەوێت لە رێی نووسینەوە بە ئارامییەكی ڕۆحی بگات. هەربۆیە(مامزێر)كەسایەتییەكی ئاسایی نییە، بەڵكو هەڵگریی گەلێك چەمكی فكریی و فەلسەفی قووڵە دەربارەی ژیان و بوون.

یەكێك لەو ئازارە دەروونییە قوڵانەی كە بەردەوام(مامزێر)پێیەوە دەتلایەوە. بێدەنگی(دیدیلاز)ی دایكیی بوو، كە ئامادە نەبوو هیچ كاتێك وەڵامی بداتەوە:

**(هیچ نەیكوشتووی، ئەو بێدەنگییەی نەبێت... هەرگیز خۆی تێك نادات... هەزار پرسیاری لێ بكەیت، وەڵامی یەكێكیانت ناداتەوە... دنیایەك شت لەو ماڵە بقەومێت، شلوێ نابێت...**)(مامزێر، ل: 46).

بێ دەنگی(دیدیلاز)ی دایك، وا لە(مامزێر)دەكەن. بەردەوام خۆی وێنای شتەكان بكات لە زەینی خۆیدا وێنەكان دابڕێژێت و مانایان پێبدات. هەر بۆیە(مامزێر)بەڕاناوی كەسی دووەمی تاك(تۆ)لەگەڵ خۆیدا دەكەوێتە گفتوگۆ:

**(تۆ لە خەیاڵتدا وێنەیەكی هێندە ناڕۆشەنی باوكتت كێشابوو، كە لە سیمای هیچ پیاوێكدا ئەو بیچمەت نەدەبینییەوە)**(مامزێر، ل: 42).

دۆزینەوەی وێنەی باوك، بووەتە مەتەڵێك لای(مامزێر)و هەمیشە بە دوایدا دەگەڕێت. بەم پێیەش(مامزێر) كەسایەتییەكی سیمبولییە و هەڵگری چەندین ڕەهەندی فكریی و مەعریفی جیاوازە. چونكە كەسێكە بە دوای كێشەكانی بوونی خۆیدا وێڵە. لەم پێناوەشدا لە نێو مێژوو و میتۆلۆژیادا نغرۆ بووە. هەر ئەم مامەڵەیەش فەزای نێو ڕۆمانەكەی زۆر فراوان كردووە. چونكە(مامزێر)ساتێك دێتەوە واقیع و ساتێكی دیكە لە ڕێی زەینەوە بەرەو دنیایەكی فانتازی گەشت دەكات. بە جۆرێك كە دەكەوێتە دەرەوەی فەزای كات و شوێنەوە. هەربۆیە(مامزێر)كەسێكە كە ڕابردوویەكی ناڕوون و نادیاری هەیە و ئێستاشی پڕە لە گومان و ڕاڕایی، بۆیە هیچ ئومێدێكی بە ئایندەش نییە.

كەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە)دا:

(سەنگەری برایم تەنتریۆف)كەسایەتی سەرەكی ڕۆمانەكەیە. ژیانی بە قۆناغی جیاواز و سەختدا تێپەڕیووە. واتە كەسایەتییەكی پەرەسێنە، چونكە كارەكتەرێكی یەك ئاست و یەك هەڵوێست نییە و كەسایەتییەكەی بە ئاسانی ناخوێندرێتەوە خۆی بە دەستەوە نادات. هەرچەندە(سەنگەر)بەبێ باوك گەورە دەبێت و دواتر دایكی شوو دەكاتەوە هەر بە منداڵی جێی دەهێڵێت. بۆیە لە نێو سۆزی داك و باوكی بێ بەش دەبێت. ئەمەش وا دەكات كە بەشێوەیەكی سرووشتی گەشە نەكات، چ لە ڕووی دەروونییەوە چ لە ڕووی جەستەییەوە. هەر بۆیە درك كردن بە ناخی(سەنگەر)و گەیشتن بە قوڵاییەكانی و دیووە شاراوەكەی ئاسان نییە، واتە خوێنەر ناتوانێت بە ئاسانی لە ناسنامەی(سەنگەر) بگات. چونكە وا ناسراوە كە كوڕێكی زۆر ئازاو بە جەرگە و لە هیچ شتێك سڵناكاتەوە. واتە هەمیشە لەوڕوانگەیەوە سەیری كێشەكان دەكات، كە بە هێز وتوانای جەستەیی دەتوانێت ململانێكان یەكلا بكاتەوە، بەڵام ڕۆژێك(ئاسۆی نیگاركێشی)هاوڕێی لە دایەلۆگێكدا چەند ڕاستییەكی پێدەڵێت و دووچاری سەرسووڕمانی دەكات:

**(ـ باوی هێزی ماسولكە نەماوە.. مرۆڤ دەتوانێت بەو سێ پەنجەیەی قەڵەمی پێ دەگرێت، هەموو دنیا هەڵگێڕێتەوە)**(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 115 ـ 116).

ئەم وتەیە(سەنگەر)دەهەژێنێت. وای لێ دەكات گومان لە تواناكانی خۆی بكات. ئەم وتەیە(سەنگەر) دەتاسێنێت، چونكە هەرگیز بیری لەوە نەكردووەتەوە هاوڕێیەكی بەو شێوە كەم بایەخە لە توانا و هێزیی جەستەیی بڕوانێت. چونكە ئەو هێزی بە تاكە ڕێگەی چارەسەریی كێشەكان دەزانی. بەڵام لە ئێستاوە تواناكانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. (سەنگەر)هەر تەنیا خاوەنی ئەم خاڵە لاوازە نەبوو، بەڵكو لە ڕێی ژنە قەرەجێكەوە، كە بەختی بۆ دەگرێتەوە، كۆمەڵێك ڕاستی دیكە دەربارەی دیووە شاراوە و نادیارەكانی كەسایەتی(سەنگەر)بۆ وەرگر دەخاتەڕوو، لە كاتێكدا كە پێی دەڵێت:

**(ـ تۆ كوڕێكی شەرمنی.. زۆر زۆر شەرمنی.**

**كوڕانی گەڕەك پێكەنین.. یەكێكیان پێی وت:**

**ـ چی ..؟! سەنگۆ شەرمنە..؟! ئەوە دەچێتە ناو چاوی فیل)**( سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 36).

ژنە قەرەجەكە لەسەر خوێندنەوەی بەختی(سەنگەر)بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**(ـ تۆ ئەوەندە شەرمنیت، ناتوانیت شتەكانی ناو دڵی خۆت بە كەس بڵێیت، بۆیە سەگ ڕادەگریت.**

**(سەنگەر)پرسی:**

**ـ من شتەكانی ناو دڵی خۆم بەسەگەكان دەڵێم..؟!**

**ـ ئا، چونكی دەزانی لێت تێناگەن.**

**كەس دەنگی لێوە نەهات و ژنەكە درێژەی بەقسەكانی دا:**

**ـ تۆ كوڕێكی ئازایت، بەڵام لەشەرما ئازایت.**

**(سەنگەر)ڕەنگی هەڵبزركا.. وتی:**
**ـ من لەشەرما ئازام..؟! چۆن..؟!**
**ـ ناتەوێت كەس بزانێت، كە تۆ چەند ترسنۆكیت**)(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل :36 ـ37).

لێرەدا دەردەكەوێت كە(سەنگەر)كەسێكی ئازا نییە وەكو دەردەكەوێت، بەڵكو حاڵەتی شەرمكردن وای لێ دەكات كە خۆی بە ئازا نمایش بكات. ئەمە ئەگەر دیووە دیار و بەرچاوەكەی(سەنگەر)بێت. ئەوە دیووە شاراوە و نادیارەكەی كە خودی ڕاستەقینەی(سەنگەر)ە كەسێكی ترسنۆكە. واتە كەسایەتی(سەنگەر)ی ئازا دەرئەنجامی ئەو هەست بەشەرمكردنەیە یاخود ئەو خۆ بە كەم زانینەیە كە هەر لە منداڵییەوە پێوەی دەناڵێنێت. ئەمەش وەكو كەلێنێك لە ژیانییدا دەمێنێتەوە. هەر ئەم هەستی شەرم كردنەشە وای لێ دەكات كە نەتوانێت بە ڕاشكاوی دڵی خۆی لای(دڵخواز)بكاتەوە كە كچێكی دراوسێیانە و زۆری خۆشدەوێت.

ئەگەرچی(سەنگەر)لە قوتابخانە سەركەوتوو بووە، بەڵام لە پۆلی دووەمی ناوەندی واز لە قوتابخانە دەهێنێت. چونكە لەو باوەڕەدا بوو. خوێندن و قوتابخانە مرۆڤ ناسك دەكاتەوە. بۆیە زۆر هەستی بە غەمباری دەكرد ئەگەر لاواز و دەستەپاچە دەربكەوتایە. دیارە تەنیا پاڵنەریش هەر ئەم هۆكارە بوو. بۆ ئەوەی واز لە قوتابخانە بهێنێت. هەر وەكو گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت:

(**جارێكیان مامۆستای ماتماتیك پێی وت مێشكی بە چاكی شتەكانی وەردەگرت.. لە فیزیا و كیمیا و مێژووشدا هەروا.. تەنانەت لە ناخەوە دڵی بە كتێبەكانی دەكرایەوە.. ئەوە لە كاتێكدا دوای دەوام دەچووە ئیش، بەڵام ئەو بۆچوونانەی ڕێگایان نەدەدا لەوە زیاتر لە قوتابخانە بەردەوام بێت.. دەیوت خوێندن مرۆڤ ناسك دەكاتەوە**)(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 63).

یەكێك لەو گۆڕانكارییە بنەڕەتیانەی لە شێوازی ژیان و چۆنییەتی پۆشینی جلووبەرگ و هەڵسووكەوتی (سەنگەر)دا ڕوودەدات. پەیوەستە بەو پێوەندییەی لە گەڵ ماڵی(ئاسۆی نیگاركێش و هێرۆخان)ی دایكییدا دایدەمەزرێنێت. چونكە هاوڕێیەتی ئەو خێزانە ڕەنگدانەوەی زۆر لەسەر ژیانی(سەنگەر)درووست دەكەن:

**(چ خۆی(مەبەست ئاسۆیە)و چ(هێرۆ خان)ی دایكی بەشێوازێكیی جیاواز دەدوان و دەربڕینی وشەكانیشیان لەوانەی ئێوە نەدەچوون.. بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی، سەرتاپا هەڵیانگێڕاینەوە.. هەر لە پۆشینی جلوبەرگ و ستایلی بڕینی قژەوە تا شێوەی گفتوگۆ و هەڵسوكەوت.. سیحریان لێ كردی.. نەدەكرا دەستبەرداریان بیت**)(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 127).

كەسایەتی(سەنگەر)لەبنەڕەتدا لەسەر هێزی بازوو جەستەی دامەزرابوو. بۆیە ئەنجامدانی گۆڕانكاری لەگەڵ هزرێكدا تەنیا باوەڕی بە هێزی ماسولكەكانی خۆی هەبێت. كارێكی ئەستەمە. هەر بۆیە لەو گۆڕانكاریانەشدا كە ئەنجامی دەدات دژیەكییەكی زۆر بەدی دەكرێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی شێوازی پێكهاتەی كەسایەتی(سەنگەر)و دیدو بۆچوونەكانییەتی بۆ ژیان. هەر بۆیە گێڕەرەوە بە بەكارهێنانی ڕاناوی كەسی دووەم(تۆ)كە ڕووی دەمی لە (سەنگەر)ە، بەم شێوەیە دەدوێت:

**(چیدی نەتدەتوانی بەو گیانە پاڵەوانبازێتییەوە درێژە بە ژیان بدەیت، بەڵكو دەبووایە پێت خۆش بێت، یان نا، بگۆڕێیت.. گۆڕانیش زۆری تێدەچوو.. دەموچاوت دەپێچا و چەقۆكەی جارانت دەخستە گیرفانت.. دەچوویتە گەڕەكە دەوڵەمەندەكان و ڕۆژی یەك دوانێكت ڕووتدەكردەوە.. جلی نوێ، پێڵاوی نوێ، گۆرەویی نوێ......... لە ڕۆژێكدا نیوەی شەقاوە و نیوەكەی تری گەنجێكی مۆدێرن و ناسك بوویت**)(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 127 ـ 128).

(سەنگەر)بەچەندین هەڵوێست و قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت و كۆمەڵێك گۆڕانكاری گەورە لە هەڵسوكەوت و شێوازی ژیانییدا ڕوودەدات. هەر بۆیە وەك كەسایەتییەكی پەرەسەندوو دەردەكەوێت. گەورەترین گۆڕانكاریش كە لە ژیانییدا ڕوودەدات. پێوەندی بە كۆمەڵێك هەڵس و كەوت و ڕەفتاریی هەرزەكارانەی(سەنگەر)ەوە هەیە، كە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێكخستنەكانی ناو شار بە توندیی چاودێری هەموو جوڵە و دەرچوونێكی بكەن و بە

گومانەوە لە هەموو کارەکانی دەڕوانن. هەر بۆیەش لە گۆشەنیگای خۆیانەوە بە گەورەترین و ترسناکترین سیخوڕی بەعسی لە قەڵەم دەدەن. ئەم هەڵوێستەش وا دەکات کە هەموو دۆست و هاوڕێکانی لێی دوور کەونەوە و پێوەندیەکانیان لەگەڵیدا بپسێنن. ئەگەرچی ئەو تاوانانەی لەلایەن شۆڕشەوە بەسەر(سەنگەر)دا سەپێنراوە لە هیچ سەرچاوەیەکەوە پشت ڕاست نەکراوەتەو، بەڵکو تەنیا گۆشەنیگای کەسانی سەر بە شۆڕش لە ڕێی چەند ئاماژەیەکەوە ئەو تاوانانەی بەسەردا ساغ دەکەنەوە. وەکو ڕووداوی بریندارکردنی(شێرۆی نانەوا)کە سەر بە ڕێکخستنەکانەنی ناو شارە، لەلایەن (سەنگەر)ەوە، ئەگەرچی پاڵنەری(سەنگەر)بۆ ئەو ڕووداوە بە هەڵە تێگەیشتنێك بووە لەوەی کە(شێرۆی نانەوا) پێوەندی ناشەرعی لەگەڵ دایکیدا هەبووە. بەڵام گۆشەنیگا جیاوازەکان ئەو خوێندنەوەیە بۆ ڕووداوەکان ناکەن بەڵکو بەشێوەیەك لێکیان دەدایەوە، کەوا(سەنگەر)لەلایەن بەعسیەکانەوە فەرمانی پێکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئیدی لە ڕێی ئەم گومانانەوە زنجیرەیەك تاوان بۆ(سەنگەر)دەسازێنن. هەر بۆیە شۆڕش چوار کەس بە تایبەتی لە شاخەوە دەنێرن تاوەکو(سەنگەر)بە زیندوویەتی بگرن. ئەگەرنا بیکوژن و بەسزای شۆڕشی بکەیەنن. دواجاریش (سەنگەر)دەکەوێتە زیندانەوە و لە ژێر ئەشکەنجەی سەختدا چاوەکانی لە دەست دەدات.

گەورەترین گەمەی ئیستاتیکی کە ڕۆماننووس لەگەڵ کەسایەتی(سەنگەر)دا دەیکات ئەوەیە، کە کەسایەتی (سەنگەر)لە نێوان دووالیزمی شۆڕشگێڕی و سیخوڕیدا ئازاد دەکات. وەکو لوغزێك کۆتایی کەسایەتییەکەی دەداتە دەست وەرگر تاکو خۆیان بڕیار لە بارەی کەسایەتی(سەنگەر)ەوە بدەن. بەوەی ئاخۆ(سەنگەر)بە ڕاستی سیخوڕی بەعسیەکانە؟ یاخود کەسێکی شۆڕشگێڕە؟ واتە وەرگر کاتێك دەبێت بە بەشێك لە دەقەکە کە لە هەوڵی ساغ کردنەوەی کەسایەتی(سەنگەر)دا بێت و گوێ بیستی هەموو ئەو دەنگانە بێت، کە لەڕۆمانەکەدا زانیاری لە بارەیەوە پێشکەش دەکەن. بەو پێیەی کە ڕۆمانەکە فرە دەنگییەکی زۆری تێدایە پێویستە وەرگر بە وردی بە دوای دەنگە زوڵاڵەکاندا بگەڕێت. تاوەکو بە هەقیقەتی کەسایەتی(سەنگەر)بگات.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا:

(ئامانج)یەکێکە لە کەسایەتییە پەرەسێنەکانی نێو ڕۆمانەکە، کە ژیانی بە کۆمەڵێك قۆناغی جیاواز و دژواردا تێدەپەڕێت. هەموو ئەمانەش دەبنە ئەزموون و کاریگەریی لەسەر کەسایەتی(ئامانج)بەجێدەهێڵن. هەر لەمنداڵیەوە لە باوەشی خێزانێکی خواپێداو دا گەورە دەبێت. هەر بۆیە وەك کوڕێکی ناسك و بە ناز دێتە بەرچاو. بەڵام ئەم خۆشگوزەرانییەی بەردەوام نابێت. چونکە لەو ساتانەی لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەبێت. لەلایەك باوك و دایکی لەیەکتری جودا دەبنەوە و باوکیان خانووەکە دەفروشێت و ناچار دەبن بچنە گەڕەکێکی میللی. لەلایەکی دیکەوە هاوڕێیەتی لەگەڵ(شۆڕش)دا پەیدا دەکات. چونکە(شۆڕش)لەگەڵ دایکی و خۆشکی لە ماڵی(ئامانج)دەژیان. ئیدی ژیانی(ئامانج)ڕەوتێکی دیکە وەردەگرێت و بەرە بەرە ڕووبەڕووی نەهامەتی و تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە. چونکە (شۆڕش)کوڕێکی سەرەڕۆ و تاڕادەیەك هەڵسوکەوتەکانی هەرزەیی و پەلەپەلی پێوە دەبینراو خۆی وەکو کەسێکی ئازا دەخستەڕوو. لە بەرانبەریشدا وەکو کەسێکی ترسنۆك لە(ئامانج)ی دەڕوانی. ئەگەرچی(ئامانج)هەمیشە دانی بەوەدا دەنا کە ئەو دوو سیفەتەی ئەوی پێ ناسراوە بریتیین لە شەرمنی و ترسنۆکی. بەڵام ئەمە بەو مانایەش نایەت، کە بوترێت(ئامانج)تەواو کەسێکی ترسنۆکە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو بە وریاییەوە لەگەڵ پێشهاتەکاندا مامەڵەی دەکرد و بیری لە ئاکامەکانیان دەکردەوە. هەر بۆیە هاوڕێکانی نەیاندەتوانی ئەم لێکدانەوە بۆ ڕەفتارەکانی بکەن و بە ترسنۆك و شەرمنیان لەقەڵەم دەدا. لێرەدا(ئامانج)دەیەوێت بەم شێوەیە گوزارشت لە گیرۆدە بوونی خۆی بە دەست(ترس و شەرم)ەوە، بکات:

**(گرفتی ڕاستەقینە ئەوەیە تۆ زات نەکەیت ددان بەو ترسەی ناختدا بنێیت، کە لە هەموو ساتێکدا ئامادەیە و هیچ هێزێك نییە بەلاوەی بنێت... بە مانایەکی دیکە ئازادیی تۆ بەندە بەوەی چەند دەتوانیت بە خۆت و بەوانی دیکەش بڵێیت ترسنۆکیت، ئەگینا تا ماوی کۆیلەی ئەو شەرمەیت و دەبێت دوور لە خواستی خۆت ئازایەتی بنوێنیت... شکستی هەرە گەورە ئەوەیە، کاتێك لە سیمای ئەواندا، لە بزە و لە ڕوانین و جووڵەی لچولێو و هەڵتەکاندنی شانی ئەواندا بۆت دەردەکەوێت، کە بە ترسنۆکیان زانیویت... کاتێکیش هەوڵ بدەیت ئەو وێنەیە بگۆڕیت، نەك هەر**

**سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو هێندەی دیکە تۆخی دەکەیتەوە**)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل: 212 ـ 213).

(ئامانج)هەست دەکات تەواو گرفتاری ئەو دوو خەسڵەتە بووە و ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لە دەستیان دەرباز بکات. هاوکات بەو هەموو تێکشکان و ترسەوە لەگەڵ کچێکدا بەناوی(سۆزان)ەوە، دەکەوێتە ئەزموونێکی خۆشەویستییەوە. ئیتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا دووچاری گەلێك دەردەسەری و ئازار و لە دەست دانی هاوڕێی و خۆشەویستانی دەبێتەوە. هەموو ئەمانە وای لێ دەکەن کەنارگیر بێت و خۆی لە کۆمەڵگە دابپڕێت و لە کوخێکی قەراغ شاردا ژیان بەسەر ببات و دواجاریش بچێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگە، لە مەفرەزەیەکی سەیردا کە(کاك پۆڵا جەنگۆ)بەر پرسیان بوو. بۆیە(ئامانج)لەوێش وەك کەسێکی کەڕولاڵ خۆی دەناسێنێت و تەنیا بە ئاماژە لەگەڵیان دەدوێت و دوای ئەنجامدانی چالاکییەکی شکستخواردوو لە شاردا و گەڕانەوەیان بۆ شار خۆی لەو مەفرەزەیەش دەدزێتەوە و خۆی دەداتە دەست چارەنووسێکی نادیار. دواجاریش نازانرێت هەر لەشاخ و چۆڵەوانی دەمێنێتەوە یاخود دەگەڕێتەوە نێو شار و بە تەنەکە کوخێك بۆ خۆی پێکەوە دەنێت؟هەر وەکو لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوە دەکات:

**(لەمڕۆوە ئێوە دەتوانن وەکو جاران هەر بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆمەوە بانگم بکەن... من کە ئیتر ڕێگام ناکەوێتەوە ئەو شاخوداخە، ناوی نهێنیم بۆ چییە... ئەو ناوەیش هەر خۆتان لێتان نام... خۆ ئێوە بە هەر ناوێکی دیکەیش بانگم بکەن، من هەر وەڵامتان نادەمەوە... ئەو دەمەم چۆن چەند ساڵە داخستووە و پێی نادوێم، هەر ئاوا دایدەخەم و نایکەمەوە... بەڵێ، من لە مڕۆوە مەیموونەکەی جارانم، کە لەقەراغی شار بەتەنەکەی ژەنگاوی کووخێکم بۆ خۆم کردبوو... هەر ئەوەم و بۆ خۆتان هەر وەکو ئەوسایش بە مەیموون بانگم بکەن**)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل: 7).

لێرەدا هەست بەنیگەرانییەکانی(ئامانج)دەکەین. کە بڕیاری داوە، وەکو مەیموون ژیان بکات. بۆیە وەکو کەسێکی تووڕە و یاخی دەردەکەوێت و ڕووی دەمی لە کۆمەڵێك کەس یاخود دەستەو گرووپێکە و دەیەوێت وازی لێ بهێنن وەکو خۆی بژی.

کەواتە(ئامانج)کەسایەتییەکی تاسەر ئیسقان پەرەسێنە، چونکە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تاکو کۆتاییە کراوەکەی، لە دۆخی گۆڕانێکی هەمیشەییدایە و سرەوتن و قاڵب گرتن نازانێت. بۆیە دەیەوێت بەرانبەر هەموو ئەو هێز و گروپ و کەسانە بووەستێتەوە، کە دەیانەوێت ئیرادی ئیسان بوونی لێ زەوت بکەن و دەستەمۆی بکەن. هەر بۆیە بڕیار دەدات یاخی بێت لە هەموو پێوەندەکانی کۆمەڵگە و لەسەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(کازینۆی منداڵان)دا:

گرنگترین دوو کەسایەتی پەرەسێنی نێو ڕۆمانەکە، بریتین لە(مامۆستا سوهاد)و(وریا). کە وەکو برا مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. بەو پێیەی بە منداڵی پێکەوە گەورەبوون. چونکە(مامۆستا سوهاد)بە منداڵی لەلایەن باپیرییەوە ئەرکی بە خێوکردنی بە(پەریهان)ی دایکی(وریا)دەسپێرێت. بۆیە(مامۆستا سوهاد)وەکو برای خۆی لە(وریا)ی دەڕوانی، کە هاوتەمەنی یەکدی بوون. هەروەها(پەریهان)یشی بە دایکی خۆی دەزانی لەو ڕوانگەیەوە کەساڵانێك بە منداڵی بە خێوی کردووە. بەڵام ئەم دوو کەسایەتییە پەرەسێنە خاوەنی دوو دیدگای جیاوازن و هەر یەکەیان بە شێوازێك لە زەمەن دەڕوانێت. هەر وەکو(مامۆستا سوهاد) دوای بەسەر بردنی تەمەنێکی درێژ دەیەوێت بەرەو ڕابردوو بگەڕێتەوە. چونکە زۆر بە ڕابردووەوە پەیوەستە. بێ گومان ئەم هەستەشی بۆ ڕابردوو پێوەندیی بە سرووشتی کەسایەتییەکەیەوە هەیە. بەڵام(وریا)بە پێچەوانەی (مامۆستا سوهاد)ەوە، هەمیشە لە ئایندە دەڕوانێت. (مامۆستا سوهاد)دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دەیەوێت ناسنامەی کەسایەتی خۆی بە دەست بهێنێتەوە. چونکە لە دوای ئەوەی باوکی دەمرێت، باپیری(مامۆستا سوهاد)لە دایکی وەردەگرێتەوە و هەر بە ساوایی دەیداتە(پەریهان)ی دایکی(وریا)و تا تەمەنی حەوت ساڵی بە خێویی دەکەن. بۆیە(مامۆستا سوهاد)هەمیشە درك بەو کەلێنە دەکات، کە لە ژیانییدا درووست بووە. ئەویش بێ بەشبوونییەتی لە سۆز و خۆشەویستی و ئامێزیی گەرمی دایە و بابە، لەم پێناوەشدا(مامۆستا سوهاد)لەڕێی ئەندێشەکانییەوە (تیشکەشان)وەکو دایکی وێنا

دەکات و دەستگیرانەکەشی لە جێگەی باوکی دادەنێت. واتە دەیەوێت ببێتە خاوەنی دایك و باوکێکی وەهمی و نازیان بەسەر دا بکات:

(**هەتا ئێستا وام هێناوەتە بەرچاو دایکمە و شەوان لە باوەشی دەخەوم... لەمەودوا باوکێکیشم هەیە... دەبێت جێگای من لە نێوان خۆیان دابخەن... ناهێڵم لە یەکتر نزیك ببنەوە... لە نیوەشەودا خۆم نەخۆش دەخەم و ورك بۆ ئەو شتانە دەگرم، کە بە ئاسانی دەست ناکەون**)(کازینۆی منداڵان، ل: 62).

لەم ڕێیانەوە(مامۆستا سوهاد)دەیەوێت قەرەبووی ئەو بۆشاییە هەستیارانەی تەمەنی لە دەست چووی منداڵی بکاتەوە، هەر بۆیە کۆڵ نادات و دەیەوێت ڕێگەی دیکە بگرێتە بەر. بۆیە وا ئێستا لە ڕێی شوێنەوە دەیەوێت بە ڕابردوو بگاتەوە. واتە لەو تەمەنە پیرییەدا وێڵە بە دوای دۆزینەوەی(کازینۆی منداڵان)دا:

(**لە ناوجەرگەی شارە، بگرە دەڕوانێتە قەڵاتیش... لەوێ مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە باسی گەورەیی بکات، بەڵکو بۆ ئەوە کراوە بەسەرهاتی منداڵیی تێدا بگێڕێتەوە... خۆ تۆ ئەگەر لە خەیاڵی خۆیشتدا بە لای گەورەییدا بچیت، ئەوا شاگردە وریاکان هەستت پێ دەکەن و بە بێدەنگی فڕێت دەدەنە دەرێ... کەسیش لەوێ ئامادە نییە گوێ لە یەکێك بگرێت، کە جگە لە باسی منداڵی، مێشکی خۆی بە شتێکی دیکەوە خەریك بکات**)(کازینۆی منداڵان، ل: 10).

دوای داپڕانێکی زۆر(وریا)و(مامۆستا سوهاد)بە یەکتری شاد دەبنەوە، جا لێرەدا(وریا)باس لەو جیاوازییە بنەڕەتییە دەکات کە لە نێوانیاندا هەبووە:

((**سوهە)ی بەرام، جاران یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوانمان ئەوە بوو، تۆ بە ڕابردووەوە بەسترابوویتەوە و من ئایندە تەفرەی دەدام... تۆ بە گۆڕانی دنیا تێك دەچوویت و من دڵم بە نە گۆڕان تەنگ دەبوو، کە ئەمە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی پاڵیان پێوە نام زۆر زوو ئەم وڵاتە جێ بهێڵم و ڕوو لە هەندەران بکەم......... بەڵام ئەوەتا هەردووکمان لە شوێنێك بە یەکتر دەگەینەوە، کە نە تۆ دڵخۆش دەکات و نە مانایەك بە من دەبەخشێت، ڕاستییەکەی شتێك وەك خۆی مایێتەوە و من هێزێکی گەورەی تێدا ببینم، ئەو یادەوەرییە زیندووەی تۆیە**)(کازینۆی منداڵان، ل: 74).

ئەم دوو کارەکتەرە پەرەسێنە پاش ئەزموون کردنی ساڵانێکی زۆری ژیان، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە زەمەن تەفرەی داون. چونکە هەردووکیان لە نێوان زەمەنی ڕابردوو و داهاتوودا ون بوون. هەر بۆیەش کاتێك تەمەنیان تێدەپەڕێت و دوای ساڵانێکی زۆر بە یەکتر دەگەنەوە، درك بەو هەقیقەتە دەکەن، کە زەمەن تەفرەی داون. ئەگینا مرۆڤ بیەوێت یاخود نەیەوێت. زەمەن زەفەری پێ دەبات و دەیکات بە ڕابردوو. واتە هەموو شتەکان لە دوو توێی زەمەندا ون دەبن و دەتوێنەوە. هەر بۆیە(وریا)پاش ساڵانێکی زۆری دەربەدەری بە ڕاستییەکان دەگات و پێی وایە ئەوە تەنیا یادەوەرییەکانە دەتوانێت مانایەك بە بوونی تاکەکان ببەخشێت و وایان لێ بکات، کە هەست بە بوونی خۆیان بکەن. کەواتە کێشەی ئەم دوو کەسایەتییە بابەتێکە پەیوەستە بە وجودی مرۆڤەکانەوە. هەر بۆیە لە نێوان ڕابردوو داهاتوودا بۆ بوون دەگەڕێن. بەو هیوایەی مانایەك بە بوونی خۆیان ببەخشن. بۆیە لێرەدا ڕۆمانووس ئەم دوو کەسایەتییەی کردووەتە دەمامکێك بۆ گەیاندنی ئەو فکر و جیهانبینییەی کە کاریگەرییان لەسەری هەبووە. ئەویش بریتییە لە پرسیاری مرۆڤ دەربارەی بوون. هەر بۆیە دەردەکەوێت ڕۆمانووس زیاتر جەخت لەسەر ئەو بۆ چوونە دەکاتەوە. کە زەمەن هەموو شتەکان بەرەو فەنا بوون و کاڵ بوونەوە دەبات. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا یادەوەرییەکانە.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(ماڵی نانی)دا:

(ئامانج)یەکێکە لە کەسایەتییە پەرەسێنەکانی نێو ڕۆمانی(ماڵی نانی)کە زۆرترین دەرکەوتن و چەند ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیانیدا دێتە کایەوە. (ئامانج)کە لە گەڕەکە میللییەکەیاندا لەلایەن کوڕە چوختییەکانەوە بە(کوڕی نانی)بانگ دەکرا، هەستی بەوە دەکرد کە ئەو وشەیە لای ئەوان چ مانایەکی دیکەی هەیە و بە شێوەیەکی نامۆقوڵ واتاکەی لێکدەدەنەوە، بۆیە زۆر هەستی بە تێکشکان دەکرد. جگە لەوەش(ئامانج)هەستی بە دووفاقییەك لە ژیانی دایکیدا دەکرد، بەوەی کە زۆر کەم ڕووی بە کوڕەکەی خوی دەدا، بەڵام لە بەرانبەر ئەو منداڵانەی کە وەکو دایەن بەخێوی دەکردن. بووە دایکێکی زۆر میهرەبان و منداڵەکانی بە شێوەیەکی سەیر هۆگریی خۆی کرد بوون. ئەم فشارە دەرەکیانە هەموویان

ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی داهاتووی کەسایەتی(ئامانج)هەبوو. (ئامانج)بە سرووشتی خۆی حەزی بە چیرۆکی مێژوویی و سەفەر نەدەکرد. بە تایبەتی سەفەر لە ڕێی ئاوەوە، هەر ئەمەش وای لێ کردبوو کە هیچ سۆزێکی بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لە ڕابردودا ژیاون، یاخود هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرانبەریان هەبێت. هەر ئەم هۆکارەش وای کرد لە قوتابخانە لە وانەکانی مێژوو و جوگرافیادا زۆر لاواز بێت، کەچی:

**(لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا توانایەکی سەیری هەیە، بە ڕادەیەك لە مامۆستاکەی چاکترە، چ لە خوێندنەوە، چ لە نووسین و چ لە قسەکردندا...؟!)**(مالّی نانی، ل: 63).

(ئامانج)کاتێك جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەڵدەگیرسێت، لە پۆلی چوارەمی ئامادەییە، کە دەبووایە لە پۆلی شەشەم بێت. بۆیە ناچار دەبێت بچێتە قوتابخانەی ئێواران، هاوکات بەیانیان لە سینەما کار دەکات، کە ئارەزوویەکی منداڵییەتی. ئەم کارکردنەی لە سینەما گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کەسایەتی(ئامانج)دا دروست دەکات:

**(هەست دەکات بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت گۆڕانێکی سەیری بە سەردا هاتووە... هەر دەڵێی ئەو کوڕە شەرمنەی جاران نییە، بەڵکو بە زمانی ڕەوان، بگرە بە شێوەی سەرنجڕاکێش زانیارییەکان بە خەڵك دەگەیەنێت)**(مالّی نانی، ل: 97).

ژیانی(ئامانج)بەردەوام لە پەرەسەندندایە، بۆیە لە قوتابخانەی ئامادەیی شەیدای مامۆستایەکیان دەبێت، کە مێردەکەی لە جەنگ دا کوژراوە و ناوی(ست پەرهەنگ)ە، کە هەمان ناوی دایکییەتی، بەم شێوەیەش گێڕەرەوە هەستی(ئامانج)بەرانبەر(ست پەرهەنگ)دەردەبڕێت:

**(یەکەمجارە بزانێت جگە لە دایکی کەسێکی تر ئەو ناوەی لێیە، کە ئەمە هەستێکی دووفاقییانەی لا دەخوڵقێنێت... لە لایەك سۆزی بۆی دەبزووێت و لە لایەکی دیکە سڵی لێ دەکاتەوە... لەوە ناخۆشتر، نا سەیرتر نییە هەر لە یەکەم بینینەوە دڵت بە ژنێکدا بچێت و هەمان ناوی دایکتی هەبێت)**(مالّی نانی، ل: 100).

کاتێك(ئامانج)لەگەڵ(ست پەرهەنگ)دا یەکتری دەناسن و دواتر پێوەندییەکەیان پەرە دەسەنێت بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، ئیتر سەرتاپای ژیانی(ئامانج)دەگۆڕێت، چونکە ئەم ژنە دەبێتە لوغز و مەتەڵێك لە ژیانی(ئامانج)دا، گێڕەرەوە بەم شێوەیە هەستی(ئامانج)دەربارەی(پەرهەنگ)دەردەبڕێت:

**(نازانێت چۆن دەبێتە هاوژینی، لە کوێ ئاهەنگ دەگێڕن، کێ بانگهێشت دەکەن، کەی کوڕێکی لێی دەبێت، بۆچی جیا دەبێتەوە، لەبەر چی سەر هەڵدەگرێت و زۆر پرسیاری دیکەش)**(مالّی نانی، ل: 114).

(ئامانج)هەر لە ناسینی ئەو ژنەوە تا ساتی جیا بوونەوەی هیچ شتێك لە ژنەکەی تێناگات، بۆیە دواجار کە (پەرهەنگ)بە یەکجاری لێی جیادەبێتەوە، نامەیەکی بە شیفرە نووسراوی بۆ بەجێدەهێڵێت. کە(ئامانج)پەنا بۆ زۆر شوێن دەبات، تاکو کەسێك لە بواری شیفرەناسیدا پەیدا بکات، بەڵکو لە ڕێیەوە چەند نهێنییەکی ئەو نامەیەی بۆ ئاشکرا بکات. بۆیە(ئامانج) کاتێك بە خۆی دەزانێت، لە دەزگایەکی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوە، کە مامۆستای شارەزا وانەی تێدا دەڵێنەوە و لە ماوەیەکی کورتدا واتای سەرجەم شتەکانی لەلا دەگۆڕن:

**(تەنیا وشەیەکی سادەی بەسە، تاکو بتوانێت ئەرکێکی گەورە لە ئەستۆ بگرێت و بە چاکترین شێوە جێبەجێی بکات، بگرە چێژێکی بێئەندازەی لێ ببینێت... یەکەم کاری ئەم دوای تەواوکردنی کۆرسەکەی، کوشتنی ئەو خوێندکارەی پێش خۆیەتی، کە لە هەمان دەستگا خوێندوویەتی و بووەتە(لامڕاها)... ئەو ناوە لە سێ پیتی(ل، ڕ، ە) پێکهاتووە، بێ ئەوەی کەس بزانێت ئەوانە کورتکراوەی چین)**(مالّی نانی، ل: 115 ).

بەم پێیە ئەزموونی ژیان(ئامانج)لە گەنجێکی سادەی شەرمنەوە دەکاتە پیاو کوژێکی لێهاتوویی سەرەڕۆ، کە کۆمەڵێك تاوانی کوشتنی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. ئەگەرچی لای ڕوونە خۆیشی بە هەمان چارەنووس دەبرێت، چونکە ئەوە یاسای ئەو دەزگایە بوو، کە کاری تێدا دەکرد. بۆیە هەمیشە بە وریاییەوە دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەم پێشتر بکوژەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام(ئامانج)کاتێك بە خۆی دەزانێت وا بە دەستی نزیکترین کەسی خۆی دەکوژرێت. ئەمەیە سیحریی کارەکتەری پەرەسێن لە ڕۆماندا، چونکە ئەمە وا دەکات گۆڕانکارییەکان لە دەرەوەی

چاوەڕوانی وەرگردا بێت، بە جۆرێك خوێنەر دووچاری ڕاچەنین بکات. واتە دەبێت کەسایەتییەکان بە جۆرێك پەرەبسێنن، کە لە دەرەوەی پێشبینییەکانی خوێنەر بێت، ئەمەش لەلایەك بە هەی ئیستاتێکی دەقی ڕۆمان باڵا دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی گوتاری پێکهاتەی کەسایەتی لە ڕۆمانەکەدا زیاتر تۆکمە دەکات.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا:

(مامۆستا دلاوەر)کەسایەتییەکی پەرەسێنی نێو ڕۆمانی(ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)ە، چونکە ژیانی بە کۆمەڵێك دژواریی و ناهەمواریدا تێدەپەڕێت. جگە لەوەش(مامۆستا دلاوەر)هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە دەبێتە جێگەی پرس و تێرامان، گێڕەرەوەش بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش وێنای یەکەم دیمەنی دەرکەوتنی(مامۆستا دلاوەر) بۆ خوێنەر دەکێشێت، کە دەبێتە مایەی وروژاندنی چەندین پرسیار لە لای وەرگر:

**(پیاوەکە چوارشانەیەکی گەنمڕەگە، دەستی پیجامەی پۆپلینی پۆشیوە. ڕیبەنێکی سووری لە ملی بەستووە. کە هەر کەسێك بیبینێت، سەرنجی لێ دەدات و لە خۆی دەپرسێت: ((باشە، پیاوێك لەم تەمەنە، بۆ دەبێت ئەو شریتە سوورەی لە مل کرابێت؟**))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ل: 13 ـ 14).

(مامۆستا دلاوەر)هەمیشە بە ڕیبەنێکی سوورەوە دەردەکەوێت. هەر لەسەر ئەم ڕیبەنە سوورەی ملی هەمیشە دووچاری کێشە دەبێتەوە. جگە لە جنێو و قسەی ناشیرین و سووکایەتی پێکردن زۆرجار ڕووبەڕووی کوشتنیش بووەتەوە، وەك ئەوەی لە ساڵی(1963)لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە دەگیرێت و بە موعجیزە لە کوشتن ڕزگاری دەبێت، چونکە بە هۆی ئەو ڕیبەنە سوورەی ملییەوە وا دەزانن کۆمۆنیستە، بەڵام زۆر کەس دەزانن، کە(مامۆستا دلاوەر)چەند کەسێکی ترسنۆکە و هەرگیز توخنی سیاسەت ناکەوێت. نەهامەتییەکەی(مامۆستا دلاوەر) لەوەدایە، کە لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی تانە و تەشەر و لێدانی جەستەیی دەبێتەوە، هەر لە کۆمۆنیست و دژە کۆمۆنۆنیست و تەنانەت ئیسلامییەکانیشەوە، هەر یەکەیان لەلای خۆیانەوە ڕاڤەی جیاواز بۆ ئەو پەتە سوورەی ملی دەکەن و ئەنجامەکەی بە زیانی(مامۆستا دلاوەر)دەشکێتەوە، بۆیە لە یەکێك لەو جارانەی ڕووبەڕووی لێدان دەبێتەوە هاوڕێیەکی دەبینێت و لێی دەپرسێت ئاخۆ چی بەسەردا هاتووە، بەم شێوەیە(مامۆستا دلاوەر)وەڵامی دەداتەوە:

**(... لێرە خەڵك چەند لە ڕووی بیرکردنەوەوە لە یەکدی دوور بن، ئەوە هەموویان لەوەدا بە یەك دەگەنەوە، کە دوژمنی ئەم ڕیبەنە سوورەی ملی منن. لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست چارەیان ناوێت. ئەوەی سەری لێ دەرناکەم، ئەوەیە، هێندە ڕقیان لێیەتی و لەبەر ئەو بە خراپترین شێوە تێم هەڵدەدەن، کەچی دەستی بۆ نابەن و لێمی ناستێنن. ڕەنگە دڵیان نەیەت، یان نەوێرن ئەو دوژمنە هاوبەشەیان لە ناو ببەن**)( ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ل: 59).

(مامۆستا دلاوەر)باش دەزانێت، کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی ئەو ڕیبەنە سوورەی ملییەتی، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو مەترسیە ئەو هەر ئامادە نییە دەست بەرداری ببێت. هەر لەم میانەیەدا(مامۆستا دلاوەر)بۆ خۆیشی لە ڕێی مۆنۆلۆگێکەوە ددان بە ڕازیی خۆشەویستی خۆی بۆ ژنەکەیدا دەنێت و نهێنییەك ئاشکرا دەکات:

**((زۆرجار لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی بۆیە هێندە بە خۆشەویستی(ویداد)ەوە بەندە، چونکو جگە لەو هیچ ژنێکی دی ڕازی نابێت هاوسەری ڕیبەنێکی سوور لە مل بەستێت، کە بەو هۆیەوە هەم ببێتە گاڵتەجاڕی خەڵك و هەم ڕۆژانە ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی بکاتەوە**))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ل: 52).

کاتێك گوێ لە ناخی (مامۆستا دلاوەر)دەگرین، دەبینین خۆشەویستی ژنەکەی پەیوەست دەکات بەوەوە، کە تاکە ژنە بتوانێت بەو ڕیبەنە سوورەوە لەگەڵیدا هەڵبکات، کە بووەتە سەرچاوەی نەهامەتی و گاڵتەجاڕی بۆیان. هەر ئەمەشە وای لێ دەکات پێوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی بەهێز بێت، چونکە باش دەزانێت لە دەستدانی ژنەکەی واتە لە دەستدانی پەتە سوورەکەی ملی، کە ئەمەیش کارێکی ئەستەمە و لە ڕوانگەی(مامۆستا دلاوەر)ەوە، واتای نەمان و پووکانەوەی دەگەیەنێت. نهێنی ئەو ڕیبەنە سوورە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی(مامۆستا دلاوەر)کە سەگێکی بە ناوی(گردۆ)هەبووە و زۆر هۆگری بووە، بەڵام دواجار کە لە دەستی دەدات، بڕیار دەدات ڕیبەن(پەت)ە سوورەکەی ملی سەگەکەی لە

ملـی خـۆی ببـەسـتێت و هـەرگیـز لـە خـۆیی جـودا نـەکاتـەوە. دەشـێت ئـەم کـارە لـە ڕوانگەی(مامۆستا دلاوەر)خۆیەوە مانایەك بە ژیانی بدات، بەوەی بە ڕابردووەوە پەیوەستی دەکاتەوە، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە ئەو ئێستا و داهاتووی خۆی خستۆتە نێو مەترسییەکی گەورەوە. چونکە لای تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بە چاوی لۆمە و سەرزەنشتەوە لێی دەڕوانن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو شتەی لای مرۆڤێك پیرۆزە دەشێت لای کەسانی دیکە پێچەوانە بکەوێتەوە. ئەمەش پێوەندیی بە سرووشتی ژینگە و باری سایکۆلۆژیی تاکەکانی کۆمەڵگەکانەوە هەیە. کە ناتوانن ڕێز لەو پیرۆزیانە بگرن کە تاکە کەسێك باوەڕی پێی هەیە. چونکە ئەگەر ئەو ڕەتە سوورە لای خەڵکی گوزارشت بێت لە شتێکی بێ بایەخ، ئەوا لەلای(مامۆستا دلاوەر)یەکسانە بە بوونی خۆی. بێ گومان ئەمەش سیحریی دامەزراندنی بونیادی کەسایەتی پەرەسێنە لە ڕۆماندا، کە هەمیشە لە ململانێدایە، چ لە گەڵ خودی خۆیدا و چ لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگەدا.

2. کەسایەتی سادە:

کەسایەتی سادە بە کەسایەتی(فلات، چەسپاو، جێگیر، تەخت، نەگۆڕ)یش ناسراوە. ئەگەر دیارترین خەسڵەتی ناسینەوەی کەسایەتی پەرەسێن ئەوە بێت کە کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندە، ئەوە بە پێچەوانەوە کەسایەتی سادە کەسایەتییەکی تاك ڕەهەند و یەك ئاستە. واتە خاوەنی یەك سیفەت و یەك ئەدگار و یەك هەڵوێستە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە، بەم پێیەش هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێستەکانییدا ڕوو نادات. کەواتە کەسایەتی سادە یەك ئاسۆی ڕوانینی هەیە و هەڵوێستەکانی نەگۆڕە. هەر بۆیە هیچ قووڵی و شۆڕبوونەوەیەك لە هەڵوێست و بیروباوەڕەکانییدا بەدی ناکرێت، بۆیە لە کێشە و ململانێکاندا تەنیا لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات و هیچ دژواریی و ئاڵۆزییەك نایەتە پێشی بەم جۆرە(لە سەرەتای دەقی ڕۆمانەوە تا کۆتاییەکەی خاوەنی تاکە هەڵوێستێکە و ڕاستەوخۆ بەیەك ئاڕاستەی دیاریکراودا هەنگاو هەڵدەگرێت)(سلامە، 2007، ص: 18). ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕەفتار و بۆچوونەکانی بە نەگۆڕی بمێنێتەوە.

کەواتە لەم ڕوانگەیەوە کەسایەتی سادە(ئەو جۆرە کەسەیە کە خاوەنی یەك ئاستی دیاری کراوە و لە کاتی ململانێ و کێشەدا زۆر سادە دەردەکەوێت و هەر لە یەکەم دەرکەوتنیەوە کەسایەتییەکەی ئاشکرا دەبێت و بە ئاسانی لە کەسانی دی جیا دەکرێتەوە و دەناسرێتەوە، هەروەها کاری چاوەڕوان نەکراو و کت و پڕی لێ ناوەشێتەوە)(عەبدوڵڵا، 2000، ل: 16). یاخود دەگوترێت(ئەو کەسایەتییە سادەیەیە، کە سۆز و هەڵوێست و قۆناغەکانی ژیانی وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت)(مرتاض، 1998، ص: 101). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین خەسڵەتەکانی ناسینەوەی کەسایەتی سادە لە ڕۆماندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بکەین(سلمان، 2012، ص: 14 ـ 15) کە بریتین لە:

1. لە دەوری تەنیا یەك بیرۆکە یاخود یەك سیفەت دەسوڕێتەوە، کە دەکرێت لە ڕێی تەنیا یەك ڕستەوە گوزارشتی لێ بکرێت.
2. خوێنەر دەتوانێت کەسایەتی سادە بەشێوەیەکی ئاسان و بەبێ هیچ ماندووبونێك لە نێو دەقدا بناسێتەوە.
3. ڕەنگە تەنیا یەك جار لە دەقدا دەربکەوێت.
4. پێویستی بە چاودێری کردن نییە بۆ ئەوەی گەشە بکات، چونکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمان وەکو خۆی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.
5. خوێنەر دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان بە یادیان بهێنێتەوە، چونکە وەکو خۆی لە بیرەوەری و یادگەیدا دەمێننەوە و وێنەکەیان نەگۆڕ و چەسپاوە.
6. کەسایەتی سادە لە باشترین و چاکترین حاڵەتی دەرکەوتنیدا وا باشترە کە کەسایەتییەکی کۆمیدیی هەبێت، چونکە گەر کەسایەتییەکی تراژیدی بوو، ئەوا خوێنەر دووچاری جۆرێك لە بێزاری و ماندوو بوون دەکات.

کەواتە کەسایەتی سادە لەگەڵ ئەوەی ناسینەوەی لە ڕووی پێکهاتەو ناسنامە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان کارێکی سانایە و پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە خاوەنی بەهایەکی نزمە لە دەقی ڕۆماندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە(ئەو کەسایەتییە سادە و ڕووکەشانە زۆربەی جار نموونەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەن و سادەیی ئەو کەسایەتییانە بێ بەهایی تاك بەرانبەر بە سرووشت و کۆمەڵگە دەردەخات)(عەبدوڵڵا،

2000، ل: 16). جگە لەوەش کەسایەتییە سادەکان هۆکارن بۆ زیاتر ناسین و پەی بردن بە دنیای کەسایەتییە پەرەسێنەکان. کەواتە کەسایەتی سادەش یەکێکە لە پێویستییەکانی بونیادی کەسایەتی لە ڕۆماندا و بەقەد بەشداریی و چالاکی خۆی کاریگەری و سەنگی لەسەر ڕەوتی ڕووداو و ململانێکان هەیە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا:

لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا، ڕۆماننووس لە ڕێی چەند کەسایەتییەکی سادەوە بونیادیی کەسایەتی ڕۆمانەکەی پتەوکردووە. نموونەی کەسایەتییە سادەکانیش بریتیین لە:

1ـ (مەدیحە): ژنێکە و ڕۆڵی کەسایەتییەکی سادە لە ڕۆمانەکەدا دەبینێت. واتە خێزانی پیاوێکە بە ناوی(حەسەن خودادا). کە کاتێك(نەوال)ی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە باری دەروونی تێکدەچێت بۆ ماوەیەك لەلای خێزانی ئەوان دەمێنێتەوە. هەربۆیە ڕۆڵەکەی(مەدیحە)لە نێو ڕۆمانەکەدا تەنیا بریتییە لە تیشك خستنەسەر هەندێك لایەنی کارامەیی و دەست ڕەنگینی(نەوال)کە هێشتا منداڵەو لە قۆناغی سەرەتاییدایە. بۆیە کاتێك دایکی(نەوال)سەردانیان دەکات(مەدیحە)ستایشی(نەوال) دەکات و بە دایکی دەڵێت:

(**کەوا کچەکەی زۆر دەستڕەنگینەو فێر بووە بە دوو شیشی ڕەش خوریی سپی بچنێت و بە زەنگیانە مێرووله و دووپشکی ڕەش، پەڕەسێلکە و حاجی لە قلەقی سپی درووست بکات**)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 33).

2ـ (سالم سەبری): وەك کەسایەتییەکی سادە دەردەکەوێت، کە مامۆستایە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان. کاتێك (نەوال)تاقیکردنەوەی توانست ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی لە پەیمانگە وەربگیرێت. مامۆستا(سالم سەبری)لە هەموو مامۆستاکانی دیکە زیاتر بە ئاستی(نەوال)سەرسام دەبێت. زۆر هانی(نەوال)دەدات تاکو بەشی نواندن هەڵبژێرێت، بەڵام(نەوال):

(**گوێی بەو نەدا و هەر سوور بوو بەشی مۆسیقا و گۆرانی بخوێنێت**)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 66).

دیارە گێڕەرەوە مەبەستییەتی لە ڕێی زەقکردنەوەی ئەم هەڵوێستە دژەی مامۆستا(سالم سەبری)ەوە، کە کەسایەتییەکی سادەی نێو ڕۆمانەکەیە و ڕۆڵەکەی زیاتر بەرجەستەکردنی حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی(نەوال)ە، ئەویش لە ڕێی ئەو کاریگەرییەی لەسەر(نەوال)ی دروست دەکات، بۆ ئەوەی وای لێ بکات پێچەوانەی حەز و ویستی خۆی بڕیار بدات. واتە لەڕێی ئەم هەڵوێستە پێچەوانەیەی کەسایەتییەکی سادەوە. ڕۆماننووس دەیەوێت کەسایەتی (نەوال)زیاتر بسەلمێنێت. چونکە خاوەنی بڕیاری خۆیەتی و دەیەوێت ببێتە هونەرمەند و مۆزیك و گۆرانی بخوێنێت، ئەگەرچی لە بواری نواندنیشدا خاوەنی بەهرەیەکی مەزنە.

3ـ (ئەدهەم): پیاوێکی بە تەمەنە و ئەفسەرێکی خانەنشینە. ڕۆڵی باپیری(نەوال)دەگێڕێت. بۆیە کە سەرنج دەدات (نەوال)بەهۆی شەڕی(کاکەسوور)ەوە زۆر گرنگی بە بابەتی سەربازی دەدات و حەز دەکات هەمیشە بچێتە گۆڕەپان و مەیدانی سەربازەکان تاوەکو نمایشەکانیان ببینێت. ئەوەندەش بەوردی سەرنجی سەربازەکانی دابوو دەیتوانی لە نیشانەکانی سەر قۆڵ و شانیانەوە پلەو پایەکانیان لە یەکتر جودا بکاتەوە. ئەم زیرەکییەی(نەوال)باپیری زۆر دڵخۆش دەکات. کەوا:

(**کچەزاکەی دەبینی ئەوەندە ئارەزووی لە فێربوونی زانیاریی لە مەڕ سەربازییەوە هەیە و هەمیشە بیری لێدەکاتەوە، بۆیە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە و بەم و بەوی دەوت، کەوا وەجاخی ڕۆشنە و دوور نییە کچەزاکەی ببێت بە ئەفسەر، یان فڕۆکەوانێکی شارەزا**)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 37).

هەر یەك لەو کارەکتەرە سادانە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دەیانەوێت داهاتووی(نەوال)دیاریی بکەن و بەپێی هەڵسوکەوتی منداڵی(نەوال)دەیانەوێت داهاتووی بۆ بخوێننەوە و ڕەنگڕێژی ژیانی بکەن. بەڵام(نەوال)وەك کچێکی سەرکێش و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز. دەیەوێت بە ڕێچکەی خۆیدا بڕوات و ئاسۆی داهاتووی بە دەستی خۆی بنەخشێنێت.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(مامزێر)دا:

لە ڕۆمانی(مامزێر)دا(گۆڵدا)کچێکە و هاوپۆلی(مامزێر)ە. بەڵام وەك کەسایەتییەکی یەك ئاست و تاك ڕەهەند دەردەکەوێت. واتە هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێستیدا بەدی ناکرێت. تەنیا

ئەوەندە هەیە، دەرکەوتنی دەبێتە هۆی بزواندنی هەستی سۆز و بەزەیی لای(مامزێر). واتە ئەگەرچی(گۆڵدا)دەبێتە سەرچاوەی هەڵایسانی گڕی عەشق لە دەروونی (مامزێر)دا، بەڵام هەر وەکو کەسایەتییەکی سادە دەردەکەوێت و هیچ گۆڕانێك لە کەسایەتییدا ڕوونادات. ئەم هەستی بەزەیییەش لای(مامزێر)کاتێك دروست دەبێت، کە دەزانێت دایکی(گۆڵدا)کوژراوە:

(**هەر ئەم هەستی بەزەیییەش وات لێ دەکات پشتی تێنەکەیت... بەچرکە لێی دانەبڕێیت... ئەم هەستە خەڵەتێنەرە دەتخاتە سەر ئەو باوەڕەی تۆ خۆشت دەوێت و دەیپەرستیت، بەڵام ئەم(مەبەستی گۆڵدایە)لەو خەیاڵەی تۆ بێئاگایە و ناچێتە ناویەوە، بۆیە پێچەوانەی تۆ، ئەم وەکو کەسێکی دڵڕەق دەردەکەوێت، کەچی ئەمە لە باتی ئەوەی دوورت بخاتەوە، زیاتر هەستی بەزەییت تێدا دەخولقێنێت، هەر بۆیە زیاتر هەوڵی نزیکبوونەوە دەدەیت**)(مامزێر، ل: 59).

(گۆڵدا)وەك کەسایەتییەك دەردەکەوێت، کە هیچ هەست و سۆزێکی بەرانبەر(مامزێر)نییە. یاخود نایەوێت هەستی خۆیی بۆ دەرببڕێت. بۆیە کاتێك(مامزێر)هەوڵ دەدات لە(گۆڵدا)نزیك بێتەوە و ڕاستەوخۆ هەستی خۆیی بۆ دەرببڕێت، کەچی(گۆڵدا)لێی هەڵدێت و نایەوێت گوێی بۆ ڕادێرێت:

( **..........** **من تۆم خۆش دەوێ گۆڵدا... بەچی باوەڕ دەکەی لە خۆمم خۆشتر دەوێیت...!! لەبەر تۆ نەبێت واز لە قوتابخانە دەهێنم... وا نەزانی درۆ دەکەم... من ڕاستیت پێ دەڵێم گۆڵدا، بەڵام ئەوە چییە...؟! سووك سووك...!! ئاوا خێرا مەڕۆ...!! جێم مەهێڵە ئاقڵ گیان. وەکو شێت بەسەر ئەو شۆستەیەدا ڕایدەکرد و قژی لەسەر جانتا چەرمەکەی پشتی هەڵدەپەڕی**)(مامزێر، ل: 82 ـ 83).

کەواتە ڕۆڵی(گۆڵدا)وەك کەسایەتییەکی سادەی خاوەن یەك سیفەت و سۆز لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. کە تەنیا ئامانجی وروژاندن و دەرخستنی هەستی خۆشەویستییە لەلای(مامزێر)ی کەسایەتی سەرەکی. هەر بۆیە(مامزێر)لە دواییدا عەشقی کچێك بەناوی(فریدا)دەبێت.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)دا:

لە نێو ڕۆمانەکەدا بە کەسایەتییەك ئاشنا دەبین، کە بە(شاسوار)ناسراوە. هەرچەندە کەسایەتییەکی سادەیە و تەنیا لە دایەلۆگێکدا خوێنەر دەنگی دەبیستێت. بەڵام ئەم کەسایەتییە هەڵگری دید و ئایدۆلۆژیایەکە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی زۆربەی هاوڕێکانی(سەنگەر)ی کەسایەتی سەرەکی و تەنانەت (سەنگەر)یش هەیە و هەموویان بە شاسواری ناسراون. واتە(شاسوار)وێنەی کەسێکی خاکی و شۆڕشگێڕە، کە بووتە سیمبوولی بە گژدا چوونەوەی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە و داگیرکاری. هەر بۆیە گێڕەرەوە لە بارەی برەو سەندنی ئایدۆلۆژیای (شاسوار)ەوە بەم شێوەیە دەدوێت:

(**ڕۆژ بە ڕۆژ ناوبانگی(شاسوار)لە ناو شاردا بڵاو دەبووەوە.. باس هەر باسی ئەو بوو.. هەر کاتێکت دەزانی فڵان و فیسار لە ناو شار نەماون.. بۆ کوێ چوون..؟! خۆیان گەیاندە شاخ**)(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ل: 38).

هەرچەندە(شاسوار)وەك کەسایەتییەکی سادە بۆ جارێك دەردەکەوێت و پاشان لە دەقەکەدا ون دەبێت. بەڵام لەڕووی هزرییەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر کەسایەتییە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕۆمانەکە هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەشێت کەسایەتی سادە شوێن دەستی خۆی لەسەر کەسایەتی و ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەجێبهێڵێت. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە(شاسوار)تەنیا کەسایەتییەکی سادە نییە، بەڵکو ئامادەییەکی سیمبولی و مەعنەویی لە دەقەکەدا هەیە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا:

یەکێك لەو کەسایەتییە سادانەی لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت(دەرسیم کوردۆ)یە. هەرچەندە دەرکەوتنێکی زۆر کورتی هەیە. بەڵام بەهۆی ڕۆڵ و هەڵوێستەکان و مەیلە شۆڕشگێڕیەکەیەوە. دەبێتە سیمبولێك بۆ ئومێد و گەشبینی بە تایبەتی لەو سەردەمە هەستیارانەی مێژووی کورد دا، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای نسکۆیساڵی (1975). واتە(دەرسیم کوردۆ)نەمامی هیواو ئومێد لە دڵی تاکەکاندا دەنێژێت و مژدەی سەردەمێکی نوێ و قۆناغێکی نوێی هەستانەوە و بەرخودان بە گوێی تاکەکانی نەتەوەکەیدا دەدات. کە تا

ئەو کات شەوە زەنگی تاریکی و نائومێدی ئاسۆی بینینی تاکی کوردیان لێڵ کردبوو. بێ گومان هەموو ئەمانەش بە هۆی ئەوەی لە ڕێی(دەرسیم کوردۆ)وە ناوی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دەکەوێتە سەر زاری زۆربەی خەڵك. (دەرسیم)لە بنەڕەتدا ناوی (عومەر)ە، کوڕە مەلایە. گەنجێکی سەرەڕۆ و چالاك بوو. زۆر حەزی لە خوێندنەوە دەکرد، بەڵام باوکی ڕێگری و ئاستەنگی زۆری بۆ درووست دەکرد، تا دواجار بە هۆی ئەوەی واز لە نوێژ دەهێنێت باوکی لە ماڵ وەدەری دەنێت. (عومەر)بەحوکمی ئەوەی لە قوتابخانەی عەرەبی خوێندویەتی عەرەبییەکی باشی دەزانی و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی فراوانە. لە پێش ساڵانی(1975)شیعر و لێکۆڵینەوەی دەنووسی و لە(بیری نوێ، هاوکاری، بەیان)لە ژێر ناوی خوازراوی(دەرسیم کوردۆ)دا بڵاوی دەکردەوە. دواجاریش لە شار هەڵدێت و ڕوو لە شاخ دەکات. هەر بۆیە گێڕەرەوە بەم شێوەیە کەسایەتی(دەرسیم کوردۆ)دەخاتە ڕوو:

(**نەدەچووە خەیاڵی کەسەوە ئەوەی ئەو بێدەنگی و ترسە دەشکێنێت، تاقە کوڕە لاسارەکەی مەلا بێت... لەمەوە ناوی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)کەوتە سەر زاری خەڵك**...)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل: 117).

لێرەشدا گێڕەرەوە کەسایەتییەکی سادەی خوڵقاندووە لە پێناوی زیندوو کردنەوەی گیانی بەرگریی و یاخی بوون. لە گیانی تاکی کورددا. بەڵام ئەویش لە ڕێی کەسێکەوە، کە بە هیچ شێوەیەك گومانی ئەو کارە مەزنەی لێ ناکرێت و بە خەیاڵی کەسدا نایەت، کە کوڕە مەلایەك گۆمی بێدەنگی بشڵەقێنێت و جاڕی شۆڕش بدات. هەر بۆیە دەبینین. ڕۆماننووس زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ بونیادی کەسایەتییدا دەکات و بەجۆرێك دەیان خوڵقێنێت، تاوەکو لەگەڵ کەسایەتی و فەزای ڕۆمانەکەدا بیگونجێنێت. واتە کەسایەتی شیاو بۆ هەڵوێستی گونجاو هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە داینەمۆی جوڵاندنی کەسایەتی و ڕەووتی ڕووداوەکان.

هەر لە ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا، کۆمەڵێ کەسایەتی سادەی دیکە هەن. کە تەنیا لەلایەن گێڕەرەوەوە ناویان دەهێنرێت. بەڵام کەسانی سادەن و خاوەنی یەك ئەدگارن. واتە تاك ڕەهەندن. وەکو(ماجید هەمزە قەڵاتێ ، عوبێد پۆخچی، فەیسەڵ گێبڕای، سابیر پوولەکە... هتد). لێرەدا دەشێت بگوترێت کە ئەم کەسایەتیانە تەنیا لەیەك سیفەتدا هاوبەشن، ئەویش دژایەتی کردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆیان و خزمەتکردنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس بوو. کە وەکو سیخوڕ و جاش و بەکرێ گیراو کەوتبوونە وێزەی خەڵکی سڤیل. بۆیە لە ڕۆمانەکەدا ئەمانە وەکو ڕەمزی ستەم و زۆرداری و هێزی شەڕانگێزی دەبینرێن. کە دژی هێزی خێر و چاکە لە سەنگەر دا بوون. واتە ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم کەسایەتییە سادانەوە، ئەو ململانێ ئەزەلیەی بەرجەستە کردووە کە لە نێوان هێزی چاکە و خراپەدا بە درێژایی مێژوو بەردەوامی هەبووە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(کازینۆی منداڵان)دا:

یەکێك لەو کەسایەتییە سادە و تاك ڕەهەندانەی لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەکی کەمی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. کەچی خاوەنی گوتارێکی فکریی مەزنە، چونکە دەبێتە سیمبولی یاخیبوون و دەسەڵاتی باوکی ڕەتدەکاتەوە و لە دژی دەوەستێتەوە. ئەم کەسایەتیەش ناوی(مەروان)ەو، کوڕی(خەلۆ چاوسوور)ە. ئەم حاڵەتەش کاتێك بەرجەستە دەبێت، کە(مەروان)لە دوای کوشتنی دایکی بە دەستی(خەلۆ چاوسوور)ی باوکی بڕیار دەدات سەری خۆی هەڵگرێت:

((**مەروان)...... هەرزەکارێکی خوێنگەرمە، ناپەوێت دوای کوژرانی دایکی لەگەڵ باوکێکی ئاوادا درێژە بە ژیان بدات و سەر هەڵدەگرێت**)(کازینۆی منداڵان، ل: 28).

بێ گومان ئەم یاخیبوون و سەرهەڵگرتنە لە ڕووی فیکرییەوە هەڵگریی دەلالەتی دیکەیە. واتە دەکرێت لەو ڕوانگەیەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەگەر باوك مەبەست لێی سیستەمی دەسەڵات و یاسا باوەکانی کۆمەڵگە بێت. ئەوا(مەروان)ی کوڕ، ڕەمزی بە گژدا چوونەوەی ئەو سیستەمە باو و تەقلیدیانەیە کە کۆمەڵگە دەیەوێت بەردەوامیان پێبدات. بەم شێوەیەش دەیەوێت تەواوی ئەو سیستەمە لەبەریەك هەڵوەشێنێت، کە باوك نوێنەرایەتی دەکات. چونکە لە کۆمەڵگەدا نموونەی(خەلۆ چاوسوور)ەکان زۆرن، کە تەنیا بە بیانوی گومانێکەوە ئامادەن ڕۆحی دەیان نەونەمامی ناسك هەڵکێشن و بێباکانە لە سزای تاوانەکانیان دەربچن. بۆیە هەمیشە نەوەی نوێ دەبێت خاوەنی پەیامێك بێت، کە کۆمەڵگە بەرە و داهاتووی باشتر و گەشتر ئاراستە بکات.

ئەوەی ڕۆمانی(کازینۆی منداڵان)ی(کاروان کاکەسوور)لە ڕۆمانەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە. بەخشینی ڕۆڵی کارەکتەرێکی سادەیە بە(مانگایەك)کەناوی(مەیسوون)ی لێ نراوە. (مەیسوونی مانگا)ئەگەرچی ڕۆڵێکی سیمبولی دەگێڕێت، کە دەشێت مانای بە خشینی ژیان بێت. چونکە هەر لە سەرەتاوە(مەیسوونی مانگا)دەبێتە سەرچاوەی پەیداکردنی بژێویی ژیان بۆ ماڵی(پەریهان)، کە هاوسەرەکەی لە دەست داوە و بەهۆی فرۆشتنی شیر و ماستەکەیەوە. هەر دوو کوڕەکەی(سوهاد، وریا)بە خێو دەکات. هەر(پەریهان)یش ناوی مەیسوونی پێدەبەخشێت:

((**پەریهان)لە زووەوە ناوی لە مانگاکەی نابوو(مەیسوون)، چونکە دەیگوت وەك(دادە مەیسوون)ی دراوسێیان ساڵانە دووانەیەکی دەبێت، بەڵام بە کوڕەکانی گوتبوو هەرگیز نەکەن ناو لە گوێرەکەکان بنێن، چونکە ئەوان بۆ فرۆشتنن... ئەگەر ناویان لێ بنرێت، دڵی نایەت نە بیانفرۆشێت و نەگۆشتیشیان بخوات**)(کازینۆی منداڵان، ل: 39).

بێ گومان بە خشینی ڕۆڵی کارەکتەر بە بوونەوەرێکی جودا لە مرۆڤ، تۆکمە بوونی بونیادیی ڕووداویی ڕۆمانەکەیە. بۆیە(لەزۆر نموونەی ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخدا، بوونەوەر و زەمەن و درەخت و بێدەنگی و ئەسپ و پرد و ماسی بوونەتە کارەکتەری سەرەکی)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 26). دواتر(خەلۆ چاوسوور ـ حەمدی)دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك دەوریی گەوڕەکەی ماڵی(پەریهان)دەدات، دواتر بەسەر(مەیسوونی مانگا)وە دەگیرێت و ئاشکرا دەبێت. ئیتر دوای ئەوەی کێشە کە گەورە دەبێت، بەڵام پیاو ماقوڵانی گەڕەك بڕیار دەدەن، کە ئیتر(مەیسوونی مانگا)نە شیرەکەی و نەگۆشتەکەی بە کاری خواردن نایەت. بۆیە لەبری ئەوە هەندێك پارە لە(خەلۆ چاوسوور ـ حەمدی) وەردەگرن. بەم شێوەیە(حەمدی)بە شەرمەزارییەوە هەر بەشەو لەگەڵ(مەیسوون)ی مانگادا ملی ڕێ دەگرێت و لەشار دەردەچن. پاش ئەو ڕووداوە(مەیسوونی مانگا)هیچ هەواڵێکی نابێت، تاکو کارەکتەرێك بە ناوی(پەریهان)ەوە، دەردەکەوێت و ڕووی دەمی دەکاتە(سوهاد، وریا)و چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆیان و خۆی بە خوشکیان دەزانێت و ددان بەوەدا دەنێت، کە کچی(مەیسوونی مانگا)و(حەمدی)یە:

((**من خوشکتانم)... ئەگەر ئەمەتان بەلاوە سەیر بێت، ئەوا سێ شتی زۆر لەوە سەیرتریشم لایە: یەکەم، ناوم(پەریهان)ە... دووەم، کچی(مەیسوون)و(حەمدی)م... سێیەم، مەبەستم لە(مەیسوون)، ئەو مانگا سپییەیە، کە بە منداڵی ئێوەی بە خێو کردووە و تاکو ئێستاش بە دایکی خۆتانی دەزانن، بگرە هەر بەڕاستیش دایکتانە... مەگەر ئەو شیری خۆی بە ئێوە نەداوە، برا ئازیزەکانم...؟! ئایا شیر یەکەم شت نییە مرۆڤ تامی دەکات و وزەی لێ وەردەگرێت...؟! دەی پێم بڵێن ئێوە بۆ ساتێك نکووڵیتان لەوە کردووە(مەیسوون)دایکتانە...؟! دەسا ئەو ئەگەر تەنیا شیری بە ئێوە دابێت، ئەوا منی نۆ مانگ بە سکیش هەڵگرتووە**)(کازینۆی منداڵان، ل: 195).

بەم پێیە(مەیسوونی مانگا)وەکو کارەکتەرێکی تاك ڕەهەند، جارێکی دیکە جوڵە بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەبەخشێت. ئەویش لە ڕێی هێنانە دنیای(پەریهان)ەوە، کە وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت. کە لە ڕێی گێڕانەوەی بیرەوەرەییەکانییەوە درێژە بە ڕەوتی ڕووداوەکان دەدات و جارێکی دیکە ڕۆڵ بۆ(حەمدی)باوکی دەگێڕێتەوە.

کەواتە(مەیسوونی مانگا)هەر چەندە توخمێکی جودایە لە مرۆڤ، بەڵام وەکو کارەکتەرێکی سادە بووەتە سمبولی بەخشینی ژیان بە چەند کارەکتەرێکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکە، کە بریتین لە(پەریهان، مامۆستا سوهاد، وریا)، جگە لەوەش وەکو هاوسەری(حەمدی)ڕۆلێ لە گوڕێنی ئاراستەی ژیانییدا هەبووە . بەوەی لە مرۆڤێکی توندی ژنکوژەوە دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی ئاسایی.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(ماڵی نانی)دا:

(ڕێدوور سەلما)ڕۆڵی کارەکتەرێکی سادەی لە ڕۆمانەکەدا هەیە. بەوەی کە کوڕێکە و بە عەرەبانەیەکەوە گەڕەکەکانی شار دەگەڕێت و شیرینی دەفرۆشێت. (ڕێدوور سەلما)نەچووەتە قوتابخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەردانی شاریی کەرکووکی کردووە، دەتوانێت بە زمانی عەرەبی قسە بکات. ئەم کەسایەتییە بە ڕایەڵەیەك دادەنرێت، کە(دڵداری دووەم)بە جیهانی

دەرەوە دەبەستێتەوە. بە هۆی ئەوەی(دڵداری دووەم)کەتەمەنی نە گەیشتووەتە شەش ساڵ و کەسایەتییەکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە و دایك و پووری ڕێگەی پێ نادەن زۆر بچێتە دەرەوە، بەڵام لە ڕێی شیرینی کڕینەوە توانیویەتی هاوڕێیەتی لەگەڵ(ڕێدوور سەلما)دا دامەزرێنێت. ڕۆژانە(دڵداری دووەم)خۆی دەگەیەنێتە لای(ڕێدوور سەلما)و هەموو نهێنییەکانی ناو ماڵ و خێزانەکەیانی بۆ باس دەکات، چونکە کێشەی(دڵداری دووەم)ئەوەیە کە لەوەتەی لە دایك بووە، چەند جارێکی زۆر کەم نەبێت باوکی نەدیووە، لە ماڵەوەش دایکی و پووری ئەو نهێنییەی لەلا ئاشکرا ناکەن، کە باوکی لە ژێر زەمینە نهێنییەکەی ماڵیان دا لە ترسی سەربازی خۆی شاردۆتەوە. بەڵام(دڵداری دووەم)لە میانەی جوڵەکانی دایکی و پووریدا هەست بەو نهێنییە دەکات. هەر بۆیە ئەمە دەبێتە گرێیەك لە دڵی دا و دواجار دەیەوێت پشت بە(ڕیدوور سەلما)ببەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بگەیەنێتە لای سەرۆك و سكاڵا لە باوکی تۆمار بکات:

**((ڕێدوور سەلما)ناوە ناوە لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵدا دەکات و پێم دەڵێت وا نەزانم لە بیری چووەتەوە، بەڵکو هەمیشە لە خەیاڵیەتی و دەیەوێت ڕێیەکی گونجاو بدۆزێتەوە... بۆی دەرکەوتووە شۆفێری یەکێ لەو ئۆتۆمۆبیلانە کابرایەکی ڕەشتاڵەی چوارشانەیە و هەموو خوتبەیەکی ڕۆژانی هەینی لەو مزگەوتەی ئەوبەر ئامادەیە... ئەفسەرێکی گەورەیە........ دوای نوێژ سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبێتەوە و بەدڵی خۆشەوە بەرەو بەغدا لێ دەخوڕێت... پلانەکە وایە بە شێنەیی بمخاتە دواوەی و خۆم لەوێ مت بکەم، تا ئەو کاتەی لە بەغدا، ڕێك لە بەردەمی سەرۆکدا دەوەستێت... ئەوسا بێمە دەرێ و لە نووکەوە چیرۆکەکەی بۆ بگێڕمەوە... چاوەڕێی ڕۆژێکی تەمتومانە، بۆ ئەوەی کاتێ دەچمە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، هیچ چاوێك، چەن تیژ و زیتیش بێت، نەمبینێت**)(ماڵی نانی، ل: 162 ـ 163).

کەواتە(ڕیدوور سەلما)وەکو کارەکتەرێکی سادە لە میانەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانییەوە، نهێنییەکانی کەسایەتی سەرەکی(دڵداری دووەم)ئاشکرا دەکات و لە ڕێی ئەو پلانەوە، کە بۆی دادەنێت(دڵداری دووەم)بە چارەنووسێکی دیکە دەگەیەنێت، کە هەرگیز بیری لێ نەکردووەتەوە و تەواوی ژیانی دەگۆڕێت. بەم پێیەش کارەکتەری فلاتیش بەپێی قەبارەی خۆی ڕۆڵی لە ئاراستەکردن و گۆڕینی ڕووداوەکانی ڕۆماندا هەیە و دەقی ڕۆمان بەبێ کەسایەتی سادە وەهمی واقیعیی بوون و زیندوێتی لە دەست دەدات.

(ئادەم زێڕین)کەسایەتییەکی دیکەی پەرەنەسێن یاخود سادەی نێو ڕۆمانی(ماڵی نانی)ە، کە وەکو شاگردێك لە دووکانی چەکو تەقەمەنییدا لای کەسێك بە ناوی(ڕازە)کاردەکات، گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەیەوێت هەندێك زانیاری لە زاری(ڕازە)وە، دەربارەی کەسایەتی(ئادەم زێڕین)ئاشکرا بکات:

(**ناوی(ئادەم زێڕین)ە... باوکی زوو مردووە، بۆیە بە ناوی دایکی بانگ کراوە، بەڵام دواتر دەزانێت(مەبەست ڕازەیە)نەك هەر بە تاریکی زمانی لە گۆ دەکەوێت، بەڵکو نێرەمووکیشە، نەخێر، هەر ژنە... ئەگەر قژی کورت کورت دەکاتەوە و جلی پیاوانە دەپۆشێت، ئەوا سیمای دەرەوەی دەگۆڕێت و لە نێرەمووك دەچێت، بەڵام ڕاستییەکەی ژنە، یان لانی کەم زیاتر بەلای ڕەگەزی مێیینەوەیە**)(ماڵی نانی، ل: 320).

(ئادەم زێڕین)وەکو کەسایەتییەکی سادە و تاك ڕەهەند دەردەکەوێت و ڕۆڵ دەگێڕێت، کە(نێرەمووك)ە، ئەگەرچی ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەریی وا وێنای سیماو خەسڵەتی(ئادەم زێڕین)دەکێشێت، کە بە ئاسانی ناتوانرێت پەی بە ڕەگەزەکەی ببرێت، بێ گومان ئەم گەمە هونەرییەش بە کەسایەتی(ئادەم زێڕین)لە پێناو گونجاندنی کەسایەتییەکەیەتی لەگەڵ کار و پیشەی چەکوتەقەمەنییدا، کە تاڕادەیەك بە کەسایەتی(ئادەم زێڕین)نامۆیە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا:

لە ڕۆمانی(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، جگە لەوەی ڕۆڵی کارەکتەری سادە بە مرۆڤ دراوە، بەڵام سەگێکیش دەردەکەوێت، کە کاریگەری لەسەر کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکە هەیە. سەگەکە ناوی(گردۆ)یە و ڕۆڵی کەسایەتییەکی لاوەکی دەگێڕێت. ئەم سەگە هی کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کە ناوی(دلاوەر)ە، (دلاوەر)بە هۆی

ئەوەی هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لەگەڵ کچێکدا بە ناوی(ویداد)ەوە هۆگرییەکی زۆر لە نێوانیاندا درووست دەبێت. بەڵام (ویداد)هەر لەو منداڵییەوە، وەکو کچێکی سەرەڕۆ زوو زوو سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ئاوەدانی دوور دەکەوێتەوە. هەمیشەش(دلاوەر)لەگەڵ خۆیدا دەبات. بۆیە باوکی(دلاوەر)هەست بە مەترسی دەکات، بەرانبەر چارەنووسی کوڕەکەی، بۆیە بڕیار دەدات ماڵیان بگوێزێتەوە بۆ دەوروبەری شار و لەوێ خانوویەکی گەورە دەکڕێت، تاکو هەم کوڕەکەی لە(ویداد)دوور بخاتەوە، هەم بۆ خۆیشی حەز لە شوێنی کراوە و فراوان دەکات. بەڵام(دلاوەر)بەم جێگۆڕکێیە ڕازی نابێت، چونکە درك بە پلانی باوکی دەکات. بەڵام باوکی بۆ ڕازیکردنی(دلاوەر)بەڵێنی پێدەدات، کە تووتکە سەگێکی بۆ پەیدا بکات تاوەکو بە خێوی بکات، چونکە چەندین جار لێی داواکردون، بەڵام ڕازی نەبوون:

(**ئەوەتا گوجیلەیەکی جوانی هەیە. ناوی(گردۆ)ی لێ ناوە، چونکە هەمیشە حەز دەکات بچێتە سەر ئەو گردە و لە دوور بڕوانێت. ڕەنگی سوورە و بەلای خورماییدا دەڕوانێت**)(ریبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ل: 96).

(دلاوەر)کاتێك ماڵیان دەچێتە شوێنێکی چۆڵ، تەنیا(گردۆ)شك دەبات. بۆ ئەوەی کاتی لەگەڵدا بەسەر ببات، هەر بۆیە بێ ئەندازە هۆگریی(گردۆ)دەبێت. باوکی(دلاوەر)ڕیبەنێکی سوور لە ملی(گردۆ)دەبەستێت و ئامۆژگاری (دلاوەر)ی کوڕی دەکات، کە زوو زوو گرێی ڕیبەنەکەی بۆ شل بکاتەوە، چونکە(گردۆ)ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکات. (دلاوەر)بەڕادەیەك پەیوەست دەبێت بە(گردۆ)وە، کە هەمیشە لە خەیاڵیدایە. بەڵام ئەوەی(دلاوەر)ئازار دەدات داهاتووە، بۆیە گێڕەرەوە لە زاری(دلاوەر)ەوە دەڵێت:

(**لێرەدا شتێك ئازاری دەدات، ئەویش ئەوەیە، (گردۆ)ئەو پەڕی پانزە ساڵ دەژی، بۆیە هەرچەند خەیاڵی بۆ ئایندە هەڵدەفڕێت، هەست دەکات جێی دەهێڵێت**)(**ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش**، ل: 108 ـ 109).

(دلاوەر)بێ ئەندازە شەیدای(گردۆ)دەبێت، بەڵام تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە، کە ناحەزێك(گردۆ)ی لێ زەوت بکات یاخود ژەهر خواردی بکات. چونکە تاڕادەیەك(گردۆ)بۆ(دلاوەر)جێگەی(ویداد)ئەو کچەی خۆشی دەویست و لێی داپڕاوە گرتووەتەوە. هەر بۆیە(دلاوەر)زوو زوو لە خۆی دەپرسێت، ئاخۆ کامیانی زیاتر خۆشدەوێت؟ (ویداد)یاخود (گردۆ). بۆیە ناتوانێت لە نێوانیاندا یەکێك هەڵبژێرێت و خۆی لە وەڵامەکە دەدزێتەوە. هەر بۆیە(دلاوەر)کاتێك بۆ دواجار(گردۆ)لە دەست دەدات. بڕیار دەدات تاکو ماوە ڕیبەنە سوورەکەی ملی(گردۆ)لە ملی خۆی ببەستێت. هەر چەندە بڕیارێکی سەختە، بەڵام(دلاوەر)دەوێت ئەو ڕیبەنە بکاتە ڕایەڵەیەك تاکو هەمیشە بە دنیای(گردۆ)وەی ببەستێتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە(گردۆ)دەبێتە هاودەمێکی هەمیشەیی(دلاوەر)دوای ئەوەی لە خۆشەویستەکەی (ویداد)دادەبڕێت. کەواتە لێرەدا(گردۆ)ی سەگ هەرچەندە ڕۆڵەکەی سادەیە، بەڵام لە دەستدانی دەبێتە مەتەڵێك لە ژیانی(دلاوەر)دا و سەر لەبەری ژیانی دەگۆڕێت. چونکە بەهۆی ئەو ڕیبەنە سوورەی ملیەوە، هەموو کات دووچاری لۆمەی کەسانی نێو کۆمەڵگەکەی دەبێتەوە. بەڵام(دلاوەر)وەکو یادگارییەکی پیرۆز و بە بەها لەو ڕیبەنە سوورە دەڕوانێت و دەست بەرداری نابێت.

ئەنجام:

1. یەکێك لە شێوازی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) خۆی لە مەزراندنی بونیادی کەسایەتیی لەڕووی پێکهاتەدا دەبینێتەوە، کە ئەویش کەسایەتییە پەرەسێن و سادەکان دەگرێتەوە، کە ئەم دوو جۆرە کارەکتەرە ئامادەییەکی بەرچاوییان لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا هەیە و هەریەکێکیان بە پێی ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە نواندندا خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن یاخود سادە وەردەگرن.
2. شێوازێکی دیکەی دیاری ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) ، بە بونیادی کەسایەتی پەرەسێنەوە پەیوەستە، چونکە بەشێکی زۆر لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس کەسایەتی پەرەسێن و فرەڕەهەندن و لە گەشەکردنی بەردەوامدان. بەم پێیەش لەڕووی پێکهاتەوە خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن وەردەگرن. نموونەی ئەم کەسایەتیانەش، وەکو (نەوال) لە ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا) دا، (مامزێر) لە ڕۆمانی (مامزێر) دا، (سەنگەری برایم تەنتریۆف) لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) دا، (ئامانج) لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) دا، (مامۆستا سوهاد و وریا) لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) دا، (ئامانج) لە ڕۆمانی (ماڵی نانی) دا. (مامۆستا دلاوەر) لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) دا.
3. کۆمەڵێك کارەکتەری زۆر لە ڕۆمانەکانی(کاروان کاکەسوور)دا، بە دیدەکرێن، کە کەسایەتی سادە و تاك ڕەهەندن و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، واتە وەك و خۆیان دەمێننەوە و ڕووداوەکان گۆڕانکارییان تێدا ناخوڵقێنێت. وەکو کە سایەتی (مەدیحە) لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا) دا، (گۆڵدا) لە ڕۆمانی (مامزێر) دا، (شاسوار) لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) دا، (دەرسیم کوردۆ) لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) دا، (ڕێدوور سەلما) لە ڕۆمانی (ماڵی نانی) دا.
4. شێوازێکی دیکەی بونیادی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) دا، ئەوەیە کە ڕۆڵی کەسایەتی تەنیا بە ڕەگەزیی (نێر / مێ) نە بەخشیووە، بەڵکو ڕۆڵی کەسایەتی بە مرۆڤی دوولایەن (نێرەمووك) یش بەخشیووە، وەکو کەسایەتی (ئادەم زێڕین) لە ڕۆمانی (ماڵی نانی) دا، دیارە ئەم کەسایەتییە هەڵگری ناوێکە، کە بەپێی سرووشتی دەرکەوتنی ڕەگەزەکەی دەتوانێت یاریی بە ناوەکەی بکات، واتە کاتێك وەکو نێر دەردەکەوێت، ناوی (ئادەم زێڕین) هەڵدەگرێت و کاتێك وەکو مێ دەردەکەوێت، دەتوانێت بە ناوی (زێڕین ئادەم) ەوە، خۆی نمایش بکات.
5. سیمایەکی دیکەی شێوازیی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) بەخشینی ڕۆڵگێڕانە بە غەیری مرۆڤ، واتە (کاروان کاکەسوور) جگە لە مرۆڤ ڕۆڵی کەسایەتی بە گیانداریش بەخشیووە. وەکو کەسایەتی (مەیسوونی مانگا) لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) دا، هەروەها کەسایەتی (گـردۆی سەگ) لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) دا، کە هەردووکیان ڕۆڵی کارایان لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی دیکە و ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا هەیە.

سەرچاوەکان:

<u>یەکەم: ئەو ڕۆمانانەی (کاروان عومەر کاکەسوور) کە کاریان لەسەر کراوە:</u>


1. ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ 1 ، سلێمانی، 2000.
2. مامزێر، کاروان عومەر کاکەسوور، لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، چ 1، سلێمانی، 2008.
3. سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، کاروان عومەر کاکەسوور و دواڕۆژ کاروان، لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، چ1، سلێمانی، 2009.
4. کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ2، سلێمانی، 2012.

5. کازینۆی منداڵان، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ، چ1، 2013.
6. ماڵی نانی، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ1، 2014.
7. ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ1، 2015.

دووەم: بە زمانی کوردی:

أ. کتێب:

1. ئەڵوەنی، نەجم خالید(د)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، زنجیرەی کتێبی دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، چاپخانەی موکریانی، چ1، هەولێر، 2009.
2. ئەیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، وەرگێرانی بۆ عەرەبی: یۆئیل یوسف عەزیز، وەرگێرانی بۆ کوردی: ڕەووف بێگەرد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ 2، سلێمانی، 2009.
3. جەباری، عومەر یاسین(د)، دەروونزانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2000.
4. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بنیاتی گێرانەوە لە داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1، هەولێر، 2009.
5. سابیر، پەرێز، بینای هونەری چیرۆکی کوردی(لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.
6. سەراج، عەبدوڵڵا، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، سلێمانی، 2007.
7. صلیوە، هاوژین(د)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013.
8. عومەر، سەڵاح، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1، هەولێر، 2010.
9. محەمەد، میران جەلال، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009.
10. مونیف، عەبدولڕەحمان، تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: شیرین. ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، سلێمانی، 2006.
11. هادی، سیامەند، مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.

ب. گۆڤار:

1. سەلمان، بەیان، (کەسایەتی، خوێنەر)دوو فیگەری ئاڵۆزی ڕۆمان، گۆڤاری کۆنسێپت، وەرزە گۆڤارێکی ڕەخنەیی فکرییە، ژ(6)، 2012.
2. عەبدوڵڵا، سەروەر(د)، سەرەتایەك لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژ(75)، 2002.

ت. نامەی ئەکادیمی:

1. عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی ـ کوردستانی عێراق دا (1990 ـ 1997)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب/ بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، 2000.
2. گەرمیانی، عادل مەجید محەمەد، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغداد، 1996.

سێیەم: کتێب بە زمانی عەرەبی:

1. بحراوی، حسن، بنیه الشکل الروائی، المرکز الثقافی العربی، بیروت، 1990.
2. حجازی، سمیر سعید(د)، قاموس مصطلحات النقد الادبی المعاصر، دار الافاق العربیة، القاهرة، 2001.

3. سلامة، محمد على(د)، الشخصية الثانوية و دورها فى المعمار الروائي عند نجيب محفوظ، دار الوفاء للطباعة والنشر، ط1، 2007.
4. سلمان، طلال خليفه(د)، الشخصية فى عالم غائب طعمة فرمان الروائي، من إصدارات مشروع بغداد عاصمه الثقافة العربية، ط1، بغداد، 2012.
5. العيد، يمنى، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنوى، دار الفارابى، ط1، بيروت، 1990.
6. مرتاض، عبدالملك(د)، فى نظريه الرواية(بحپ في تقنيات السرد)، سلسلة كتب عالم المعرفة، الكويت، 1998.
7. موير، ادوين، بناء الروايه، ت: ابراهيم الصيرفى، مراجعه: د. عبدالقادر القط، الدار المصريه للتأليف و الترجمه، 1965.
8. ناصر، احمد عبدالرزاق، تقنيات السرد فى روايات نجم والى، دار الشؤون الثقافية العامة، ط1، بغداد، 2015.
9. هلال، محمد غنيمى(د)، النقد الادبى الحديث، دار الثقافه، لبنان، 1973.

## References

### A. Novels

Ay, Lavila (2000). Karwan KakaSwr, Sardam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Mamzir, (2008). Karwan KakaSwr, Yad Printing, 1st Edition, Sulaimani

Swarkan, Baqachkh Bwkyan Gwastawa, (2009). Karwan KakaSwr and Dwarozh Karwan, Qalam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Kanaly, Maimwna Chakdarakan, (2012). Karwan KakaSwr, Sardam Publisher, 2st Edition, Sulaimani

Kazainoy, Mndalan, (2013). Karwan KakaSwr, Ghazalnws Publisher, 1st Edition

Maly, Nany, (2014). Karwan KakaSwr, Ghazalnws Publisher, 1st Edition

Rebaneky, Swr Mpecheky Rash, (2015). Karwan KakaSwr, Ghazalnws Publisher, 1st Edition

### B. Books

Aleid, Yumna, (1990). Novel narrative techniques in the light of the structural approach, Al - Farabi, 1st, Beirut

Alwany, Najm Khalid, (2009). Characterization in the novel of Ewary Parwana, Mukriani Printing, 1st Edition, Erbil

Bahrawi, Hassan, (1990). The Structure of novel form, The Central Arabic Culture, Beirut

Hadi, Siamand, (2004). The history of novels, Teshik Printing, Sulaimani

Hajy, Sanger Qadr Sheikh Muhammed, (2009). The Structure of Narration in Ahmady Khany's (Mam w Zin) and Bakhtyar Ali's novel (The City of White Musicians), Mukriani Establishment for Research and Publication, 1st Edition, Erbil

Hijazi, Samir Saeed, (2001). Dictionary of contemporary literary criticism, Dar Al- Afaq Al-Arabiya, Qairo

Hilal, Muhammed Ghunemi, (1973). The Modern literary criticism, The Cultural House, Beirut

Ian Watt, (2009). The Rise of the novel, translated to Kurdish by Rauf Begard, Sardam Publisher, 2st Edition, Sulaimani

Jabary, Omer Yasin, (2000). Phycology, Salahaddin University Printing, Erbil

Muhammed, Miran Jalal, (2009). Event Structure in Kurdish Novels, Kurdology Center, Ranj Printing, Sulaimani

Muir, Adwin, (2000). The structure of Novel, Translated by Ebrahim Al-Saerafi, Dar Al-Misraia

Munif, Abdul Rahman, (1965). Tishkek bo Sar Roman, Translated to Kurdish by Shereen K., Sardam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Murtaz, Abdul Malik, (1998). The Narration Theory, Al–Alam Al-Maerafa, Kuwait

Nasr, Ahmad Abdul Razaq, (2015). The Techniques narration in novels of Najm Wali, The Cultural House, 1st Edition, Baghdad

Omer, Salah, (2010). Novels in different point views, Mukriani Establishment for Research and Publication, 1st Edition, Erbil

Salama, Muhammed Ali, (2007). The Secondary character and its role in the architectural novels with Naguib Mahfouz, Alwafa for Printing and Publishing, 1st Edition

Sabir, Parez, (2001). The structure of Kurdish Story, Sardam Publisher, Sulaimani

Salman, Talal Khalifa, (2012). Personality in an absent world in Tama Ferman's novels, the project of Baghdad cultural Arabic capital, 1st Edition, Baghdad

Saraj, Abdullah, (2007). Towards Novels and Point views, Sardam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Slewa, Hawzhin, (2013). Psychology Dimension of Latef Halmat's Poetry, Kurdish Writers Union, Rozh Halat Printing, Erbil

## C. Journals

Abdullah, Sarwar, (2002). Introduction to the fundamentals of personality in novels, *Raman*, (75)

Salman, Bayan, (2012). Personality and Reader the two character of complex of novels, *The Concept*, (6)

**D. Master and Doctoral Thesis**

Abdullah, Muhammed Amin, (2000). Hero in Kurdish Novels between 1990-1997, Master Thesis, the College of Arts, Kurdish Department, Salahaddin University, Erbil

Garmiyani, Adel Majeed Muhammed, (1996). Reality in Modern Kurdish Novels, Master Thesis, The College of Education, Baghdad University